# معراج نامه

شه‌وي روناك




( نرخی صه‌د ١٠٠ فلسه )

چاپ کرا له سه‌ر نفقه‌ی محمد امین عصری
خاوه‌نی کتیبخانه‌ی ترقی له کرکوك

# شەوی ڕووناک

﴿بەناوی خودای گەورەو میهرەبان﴾

شەوێک لە شەوانی ساڵی (٢٠٢٤) ی زایینی کە دەیکردە شەوی ئیسراو میعراج ، بە بیرمدا هات کە جاران پەڕتووکێک هەبوو بە ناوی میعراج نامە دەم خوێندەوە ، هەندێکیان بەراورد بە حەدیثەکان زۆر تەواوە و هەندێکی تریش ترش و خوێی پێوە کراوە یان لە یەک شوێندا ووشەی نەشیاوی بەکارهێناوە ، بەڵام بەکۆی گشتی باسەکە باسێکی زۆر جوانە لەبارەی ئیسراو میعراج ، لە تۆڕی ئینتەرنێتدا گەڕام تەنها لە سایتی کوردپێدیا بەرگی دەرەوەی میعراج نامەکەم بینی کە وێنەی بوراق پێوەیە و کاتێک کە چوومە سەرکردنەوەی بینیم نوسرابوو بە ئەوم پەڕتووکە پی دی ئێفی لەگەڵ نیەو دەتوانیت یارمەتی کوردپێدیا بدەیت بۆ ئەوەی کە پی دی ئێف ی ئەم نامیلکەیە بڵاو بکاتەوە ، دواتر داوام لە باوکم کرد کە ئەگەر ئەو نامیلکەیەی مابێت زۆر بە خۆشخاڵیەوە نامیلکەکەی هێنا پەڕەکانی زۆر کۆن بووبوون و چەند پەڕەیەکی سەرەتاشی پێوە نەبوو کە هەندێکی بە نووسینی دەستی نووسرابوویەوە ، باوکم گڕایەوە کە دەرزی قورئان بە منداڵان دەوتەوە ، یەکێک لە تەلەبەکانی کە زۆر زیرەک بوو خوشکێک بوو کە قورئانی تەواو کردبوو هەروەها دەرسی ریاض الصالحین ی دەخوێند و داوای ئەم نامیلکەی لەباوکم بە ئامانەت ، پاش ئەوەی کە نامیلکەکەی هێنایەوە چەند لاپەڕەیەکی پێشەوەی لەت کرابوو ، باوکم پرسی ئەوە بۆ وات لێ کردووە ، ئەویش لەوەڵامدا ووتی کەسێکی سەر بە ئیسلامیەکان بینیویەتی ووتوویەتی میحراج نامەکە درۆیە (مەبەست پێیی نامیلکەکە بووە کە شتەکانی ناوی هەڵەن و زیادەڕەوی تێدا کراوە) ، پاشان باوکم بە تووڕەییەوە پێی ووت دەبێت ئەو لاپەڕانەی کە دڕاوە بینووسیتەوەو پیوەی بکەیتەوە ، هەربۆیە هەندێکی بە نووسینەوە لە پێشەوە نووسراوەتەوە کە دەست و خەتی ئەو خوێندکارەیە کە پەڕتووکەکەی بە ئامانەت بردووە ، منیش بڕیارمدا هەمووی بنووسمەوە و بیکەم بە پی دی ئێف و ئەو نوسخەیەی کە لەچاپ دراوە لەپاش نووسینەوەکە وێنەکانی هەمووی دابنێمەوە ، بەو هیوایەی کە خوێنەران و موسوڵمانان سوودی لێ ببینن و جۆرێکیش بێت لە پاراستنی هونەری کوردی لە ڕووی شیعرو ئەدەبیاتەوە ، چونکە لە ئێستادا ئەو نامیلکانە بەکەمی دەبینرێن کە سەردەمانێک لە بری سەیرکردنی فیلمی سینەمایی و ئینتەرنێت و گۆڤارەکان بەکاردەهاتن و شەوانە خەڵکانێک کۆ دەبوونەوەو کەسانێکی خوێندەوار دەیخوێندەوەو ئەوانی تریش گوێیان بۆ دەگرت و هەر کەسێک لەو گوێگرانە بە چەندین شێوەی جیاواز وێنا و داستان درووست دەبوو لە مێشکیدا و چێژێکی ڕۆحی دەبەخشیە هەوادارانی ، لێرەو داوا دەکەم لە خوێنەرەانی بەڕێز ئەگەر کەسێک شانامەی مەنیجەو بێژەنی لایە بە پی دی ئێف یان نوسخەی چاپکراو لە کوردپیدیا دایبنێت یاخود بەو ژمارە تەلەفۆنەی لە خوراەوە دام ناوە ئاگادارم بکاتەوە تا بتوانم بینوسمەوەو دایبنێم لە کوردپیدیا ، مەنیجەو بێژەن  لە دانانی شێخ فاتیحی شیخ فەتاح لە گەڕەکی چوارباخ و چاپەکەش لە کەرکووک کراوە لە چاپخانەی (محمد ئەمین عەسری) ساڵانی شەستەکان لەچاپدراوە .

تێبینی /

لاپەڕەی (١ ، ٢ ، ٣ ،٤) ی پێوە نەبوو ئەگەر هەر بەڕێزێک هەیبوو دەتوانێت ووێنەی بگرێت و بۆم بنێرێت بە ڤایبەر یان واتس ئەپ بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٧٥٠١٥٣٧١١١) .

هەندێک ووشەم دەستکاری کردووە لەڕووی شێوەی نووسینەکەیەوە بۆئەوەی خوێنەر باشتر تێ بگات .

لە کۆتاییدا وێنەی لاپەڕەکانی میعراجنامەکەم داناوەتەوە ، ئەڵبەت ئەو نوسخەیەی کەلامان بووە .

لە هەندێک ووشەی تێنەگەشتووم کە چی نووسراوە ، چونکە چاپەکە کۆن بووەو ئەوەی لێی تێنەگات دەتوانێت لە کۆتاییدا سەیری لاپەڕە وێنەگیراوەکان بکاتەوە .

نووسینەوەی یحیی محمد سعید گڵیجاڵی دانیشتووی ناحیەی زەڕایەن سەر بە پارێزگای سلێمانی

ووشەی شەهادەت لە نێوچاوانی

وەها نووسرابوو خەتی نوورانی

تاجێک لەسەریا وەک بەدری تام

لەگەڵ فاتیمە خۆش هاتە کەلام

بە باوکت بڵێ ئەوبێتە لامان

خوا بۆی ناردووە قافڵەی سەلامان

بۆخۆی هاتە دەر ئەحمەدی خەلیل

سەیری کرد ئەوا لەوێ جوبرەئیل

جوبرەئیل دەیفەرموو یا رسول الله

سەلامت لێ بێ یا حبیب الله

تشریفتان هەڵسێ گەورەی خۆشەویست

خۆت گورج بکە بە چالاکی چوست

ئەمشەو میوانی پەروەردگاری

لە بۆ معراجی کردووی دیاری

ئەمەی کەزانی نەبی عدنانی

دڵی پڕبوو لە شادمانی

جوبرەئیل دەیفەرموو ئەی نەبی موختار

لەبۆم هێناوی بوراقی نازدار

تەعریفی بوراق وەها دراو
لە فەخری عالەم ڕیوایەت کراوە

لەشی وەک ئەسپ لەکەر گەورەتر
ڕوخسار ئادەمی نەک هێندەی بەشەر

ڕەنگ بۆرو بەڵەک خرخاڵ لەپادا
تەوصیفی بوراق کەس شەرحی نادا

زینێکی نەخشین لە دوڕرو گەوهەر
لەسەر پشتی بوو لەبۆ پێغەمبەر

بوراقی کەدی ئەحمەدی موختار
سەری سوڕ دەما لە کاری جەبار

خەریک بوو سواربێ لە بوراق نەبی
هاتە ئیضطیراب بوراقی ڕەبی

جوبریل دەیفەرموو بوراقی نازدار
قەسەم بە زاتی واحد القهار

لەمەی گەورەتر لەم خۆشەویست تر
ناچێتە پشتت تا ڕۆژی مەحشەر

هەڵبژێردراوی هەموو ئینسانە
ئەمە خاوەنی نورو عیرفانە

قورئان بۆ ئەم دێ بەدیاری و خەڵات

ئەمە شەفیعی ڕۆژی عەرەصات

بوراق جوابی دا لەم بوون سوار

ئادەم و نوح و خەلیلی نازدار

جوبرەئیل دەیفەرموو ئەی بوراق بەخوا

هەر محمدە (ﷺ) تاجی ئەنبیا

دونیاو قیامەت بۆی دانراوە

لەولاکە لەولاک وای خەبەر داوە

هەر ئەو شەفیعی خاوەن گوناهە

بۆ فیرقەی ئەثیم پشت و پەناهە

ئەمجا هاتە جواب گوتی جوبرەئیل

وەعدم پێ بدات ئەحمەدی خەلیل

لەرۆژی مەحشەر لە من سوار بێ

سوپا سالاری فەوجی ئەخیار بێ

عەهدی کرد دەرحاڵ ئەحمەدی جوانڕۆ

لەرۆژی مەحشەر سوار ئەبم لەتۆ

ئەحمەد سوار بوو لە پشتی بوراق

شۆرە سوارێک بوو لە عالەمدا تاق

ئازا فڕاندی بوراقی چالاک

ئەحمەدی بردە ئەوجی ئەفلاک

لەئاسمان جوبرەئیل ڕووی کردە بوراق

گوتی دایبنێ ئەستێرەی ئافاق

ووتی ئەی ئەحمەد نوێژکە دوو ڕکعەت

ئەی تکاکاری ڕۆژی قیامەت

ئێرە مەشهوورە بە وادی عەقیق

گەلێک پیرۆزە ئەی نەبی شەقیق

دیسان سوار بوو ڕەسولی موختار

کەسێ بانگی کر لە طەرەف یەسار

ئەحمەد ڕاوەستە من نەسیحەت کارم

بۆ تۆو ئوممەتت بەدڵ هۆشیارم

هیچ گوێی پێ نەدا ئەحمەدی ئەمین

بوراقی ڕانی ئەم سواری ڕەنگین

دووبارە دەنگێک لە پشتیەوە هات

ڕاوەستە ئەحمەد تاکو دێمە لات

لەوێش تێپەڕی هیچ گوێی پێ نەدا

یەکێ تر دیسان بانگی کرد بە صەدا

گوتی وەستانت گەلێک مەقصودە

بۆ تۆو ئوممەتت زیادە بەسوودە

لەپاشان دیتی ژنێکی جوان

جوانی وا نەبوو لە نەوعی ئینسان

وەک مانگی تابان ئەدرەوشا لە دوور

دەورو پشتی خۆی پڕ کردنبوو لە نوور

گوتی ڕاوەستە ئەی فەخری عالەم

ڕەئیس و گەورەی ئەولادی ئادەم

من نەسیحەت کارم هەتا قیامەت

بۆ تۆو ئوممەتت بەبێ خیانەت

بە چوستی ڕۆیی لەوێش تێپەڕی

جوبرەئیل ووتی بە پێغەمبەری

﴿باسی گەیشتنی حضرەت محمد (ﷺ) بە بیت المقدس﴾

لیرە دابەزە ئەی نەبی ئەقدەس

بەچاو ببینە بیت المقدس

وەختێ دابەزی ئەحمەدی موختار

جەناتی عەدنی لەپێش بوو ئیظهار

مەهبەطی زومرەی بەرزی ئەنبیا

بيت المقدس قیبلەی ئەصفیا

دیتی لە دەرگا جوانێ وەستاوە

شیعاعی نووری وەک ڕۆژ بڵاوە

دەستی لە مل کرد بەخۆشەویستی

ئەحمەدی ماچ کرد بەچاوی مەستی

دەسا محمد (ﷺ) کە چووە ژوورەوە

فیرقەی ئەنبیا کۆدەبوونەوە

بوو بە ئیمامیان نوێژی بۆکردن

عەهدی گەورەی لێ وەرگرتن

نوێژی بۆیان کرد ڕەسول بڵاوبوون

ئەحمەد و جوبریئل هەر لەوێ مابوون

دەسا محمد (ﷺ) مەنبەعی یەقین

ووتی بە جیبریل ئەی برای ئەمین

لە بۆم بەیان کە ئەم دوو دەنگە کە

لەڕی بانگیان کرد لەگەڵ ژنەکە

ئەو کوڕە کێ بوو کە ڕاوەستابوو

کە ئێمە هاتین لەبەردەرگا بوو

جوبرەئیل فەرمووی ئەی نەبی نازدار

ئەمەی لە پێشا بانگی کرد یەکجار

ئەمە قصیدی فیرقەی دیان بوو

کە ڕانەوەستای حیفظی مەنان بوو

ئەگەر وەستابای موحەقیق قوربان

بەعضێک ئومەتت ئەبوون بە دیان

دەنگەکەی دومین هی جولەکان بوو

کە ڕانەوەستای حفظی مەنان بوو

ئەگەر ڕاوەستابای سەیدی مەکە

بەعزێک ئوممەتت دەبوون جوولەکە

ئەو ژنەی دیتت کە زۆر جوان بوو

مەعلوومت بێ ئەوەش دنیا بوو

قبووڵت نەکرد تۆ دنیای فانی

بۆ خۆو ئوممەتت زۆر چاکت زانی

## ﴿ باسی چوونی حضرەتی محمد (ﷺ) بۆ ئاسمانی یەکەمین ﴾

ئەمجار هەتە دەر ڕەسولی خودا

ڕۆیی بەسەرکەوت لە صخرة الله

دیتی میعراجێک یەعنی لەر دیوان

نیصب کراوە هەتاکو ئاسمان

پلەیەک لە زێر یەکێ لەزیو بوو

شتی جوانی وا هیچ کەس نەدیبوو

کاتێ گەیشتە ئاسمانی یەکەم

لە دەرگای دەدا جیبریلی ئەکرەم

دەرگەوان ووتیان کی یە والەدەرگا

وەها بە شدەت لە دەرگا ئەدا

جیبریل دەیفەرموو من جوبرەئیلم

هاوڕێو ڕەفیوی ئەحمەد خەلیلم

هاتووە بۆ میعراج بە ئەمری خودا

دەعوەت کراوە نەبی مصطفی

دەرگایان لاداو گوتیان مەرحەبا

لەتۆو ڕەفیقت ڕەسوولی خودا

وەهای فەرمووە ڕەسوولی عالەم

گەورەترینی ئەولادی ئادەم

ئاسمانی یەکەم سەرپاک لە دووکەڵ

وەهای داناوە خودای عز وجل

مەلائک صەف صەف هەمووی وەستاون

بۆ ئەمری خودا دەست لەسەر چاون

هەندەک لە ڕکوع هەندەک لە سجەجدە

بەجێ دەهێنن ڕەفتاری بەندە

سەرچاوەی نیل و ڕووباری فورات

لە ئاسمانی یەکەم سەرچاوەی ئەهات

قەصرێکم دەدیت نیوەی لۆلۆ بوو

نیوەی زوبورجەد وەها معلوم بوو

لەناو ئەم قەصرە ئاوێکی سپی

هەزار ماشاءالله لەکاری ربی

گوتم جوبرەئیل ئەی برای ئەنوەر

لەبۆم بەیان کە قەصری پڕ گەوهەر

وەڵامی داوە ئەمە کەوثەرە

خەڵاتی تۆیە ڕۆژی مەحشەرە

عەجائب دیتم یەک مەلائیکەت

سواری ئەسپێ بو عظیم و لخولقەت

لەژێر دەستی دا حەفتا هەزارە

هەمووی مەلائک بەندی جەبارە

هەریەک لەدەستی گورزێکی نورین

دیسان ڕووم کردە جیبریلی ئەمین

لەبۆم بەیانکە کاری ئەمانە

ڕەفتاریان چیە لە سەر ئاسمانە

ووتی ئەمانە کاریان وەهایە

هەرکەسێ بکات بێ ئەمری خوایە

ئەوان بانگ ئەکەن لە ئەرزو ئاسمان

بێ ئەمری خوای کرد فڵان کوڕی فڵان

مەجموعی عالەم ناخۆشیان دەوێ

ئەوەی چاکە بکات زۆر خۆشیان دەوێ

شتێکی کەم دی قودرەتی قدر

مەلائیکەتێک لە بەفرو ئاگر

نیوەی لە بەفر و نیوەی لە ئاگر

کە چووم لەبۆلای دیتم عەجیب تر

هەزاران سەر و لە کوللی سەران

هەزار دەموچاو پڕ لە گەوهەران

لە هەر دەموچاو هەزار زوبانە

بە هەزار لوغەت هەریەک لەوانە

دەکەن تەقدیسی خودای کەریمە

ئەم بە چاوی دی خودا عەلیمە

جار جاریش دەیگوت خودای جەبار

دڵیان ساف بکەی بۆ یەک ئیماندار

ئیتر مالائیک خڕ دەبوونەوە

سەفیان دەبەستا لەدوای منەوە

بوم بە ئیمامیان نوێژم  بۆ کردن

بۆ منو ئوممەتم دوعایان دەکردن

ئیتر سوار بوم لە بوراقی جوان

هەتاکو هاتین بۆ دووەم ئاسمان

ئاسمانی دووەمین سەرپاک ئاسنە

لەلای مەلائیک ناوی ماعونە

چەندم دەدیتن مەلەک چین بەچین

هەموویان سوار لە وولاغی ڕەنگین

هەموو لەدەستیان شمشێری نەسرین

لەناویانا بوو دوو پیاوی نورین

دەسا ئەیفەرموو جیبریلی ئەمین

ئەگەر نازانی ئەم سوارانە چین

پشتو پەناهی جێشی موسوڵمان

کۆمەکیان ئەکەن لەڕۆژی مەیدان

ئەم جووتە پیاوە لەناویانایە

یەکیان عیسا و ئەویان یەحیایە (عليها السلام)

بڕۆ بۆلایان ئەی ئەعمەد ئەمین

سەلامیان لێ بکە بەزبانی شیرین

چووم سەلامم کرد لەم جووتە پیاوە

گەلێک بە تەعظیم جوابیان داوە

ئەمجار مەلائیک هاتن بەیەکجار

بوم بە ئیمامیان وەکو ئەوەڵ جار

دەسا ڕۆیشتم بۆ سێیەم فەلەک

زۆرم چاو پێکەوت لە فیرقەی مەلەک

کۆمەڵێکم دیت سەد هەزار مەلەک

هەر یەک لە دەستی بەیداغی کەسک

جوبرەئیل گوتی چاکتر بزانە

ئەمانەش مەئمورن بۆ ڕەمەزانە

مەئموری شەوی ليلة القدرن

ڕەحمەت هێنەری مەجلیسی ذیکرن

لەگەڵ ئەوانیش جووتێک پیاون

لە بەحری نورا غەرق کراون

جوبرەئیل گوتی برام بزانە

یەکیان داوودە یەک سولەیمانە (علیهما السلام)

کوڕێکی دیم دیت لەوێ دیاردا

ڕوخسار وێنەی مانگ شەوی لە چاردە

ئەویش یوسف بوو لاوی کەنعانی (علیه السلام)

جەمالی یوسف هەر خوا دەیزانی

کە چووم بۆلایان قیامیان دەکرد

بۆ من و ئوومەتم دوعایان دەکرد

دیسان مەلائیک هاتن تەمامیان

نوێژم بۆیان کرد بووم بە ئیمامیان

سەرپاک لە مس بوو ئاسمانی سێمین

عەجیب تەعمیر و بینای نەخشین

جوبرەئیل دەیفەرمو برای (ئەمین)

مەلەک پێی دەڵێن (المزین)

ئەمجار ڕۆیشتم بۆ چوارەم سەماء

سەرپاکی زیو بوو زیوێکی بەیضاء

لەوێشم دیتن چەند هەزار هەزار

ئەنواعی مەلەک بێ عەدو ژمار

دیتم پیاوێک وەک کێوی نوورە

لەوێ دانیشتووە گەردن بلوورە

لەسەر ڕووخساری برقی ئەنوارە

جوبرەئیل فەرمووی برای نازدارە

ئەمە ئیدریسە (علیه السلام) خەیاطی ذاکر

سەلامی لێکە چالاک و ماهر

سەلامی لێ کرد جوابی داوە

بۆ من و ئوممەتم دەست بەدوعاوە

لەوێش دیتم شتێ عەجائب

یا سبحان الله کەریم و واهب

مەلەکێکم دیت عظیم الجسد

سەری موعەلەق بە عەرشی صەمەد

پای چەقاندبوو لە تحت الثری

لە قودرەتی خوا هەزار ماشاء الله

دانیشتووە لەسەر کورسیەکی نورین

مەلەک لەبەردەست وەستاون چین بە چین

لەلای ڕاستەوە لەوحێکی نوورین

لەلای چەپەوە دارێکی نەخشین

دڵ لێی دەهاتە ترسان و لەرزین

ئەنۆ دەهاتە هەژان و تەزین

مووی ڕیشی وەکو مار پێچ و لوولە

پاشا لە ترسی ئەبوو مەلوولە

قەت بەپێکەنین لێوی نەهاتە

تاریکی سەر ڕووی بیری زوڵوماتە

لەنێو چاوانی غەزەب دیارە

ڕوو گرژە عەینی وەک زەهری مارە

بۆ منی بەیان کرد برام جوبرەئیل

ڕۆح کێشە ئەمە یەعنی عیزرائیل

ئەمجار چوومە لای سەلامم لێ کرد

هیچ جوابی نەدا جوبرەئیل ڕووی تێکرد

فەرمووی بۆچ نادەی جوابی سەلام

نازانی ئەمەیە سەیدولئەنام

نازانی ئەمە سەید ولخەلقە

یەعنی محمد (ﷺ) مەنبەعی صیدقە

هەڵسا لەبەرم ئەمجار بە ئیکرام
سێ دەفعە جوابی دایەوە سەلام

لێم پرسی گوتم هادیم و لەذات
چڵۆن ئەکێشی ڕۆحی مەخلوقات

جوابی دایەوە بە ئەمری خودا
پێنج هەزار مەلەک لە بەردەستم دا

هەروەختێ زانیم ئەجەل هاتە سەر
یەکێک ئەنێرم چلیان بە دەفتەر

ڕۆحی دەردێنن لە گۆشت و پێستی
هەتاکو ئەژنۆی لەوێ دەوەستی

دیسان ئەکێشن تا دێتە گەردەن
بە ئەمری خودا دەستی لی بەردەن

دەسا من لێرە دەستی بۆ ئەبەم
وەک مووێک لە ناو ماست دەری ئەکەم

ڕۆحی ئیماندار دەچێتە جەنات
ڕۆحی کافران دەچێتە زوڵومات

ئەم لەوحە دارەی لەلام دانراوە
ناوی هەموو کەس تێدا نووسراوە

کاتێ ئەجەل هات لە بۆ گیاندار
بە ئەمری خودای خالق و جەبار

ناوی لە لەوحا ڕەش ئەبێتەوە
گەڵای لە داریش بەر ئەبێتەوە

ئەمجار دوعای خواست ئەحمەدی خەلیل
قابضی جێ هێشت یەعنی عیزرائیل

بۆ خۆی ئەفەرمێت ڕەسولی ئەکبەر
دیتم پیاوێک گەلەک منەوەر

جوبرەئیل فەرمووی ئەی نەبی جەلیل
ئەمە بناسە ئیبراهیم خەلیل (علیه السلام)

کاتێ چوومە لای گوتی مەرحەبا
یاخوا بەخێر بێیت نەبی موجتەبا

هەتا قیمەت ڕەب ولعیزەتت
خێر ئەبارێنی بۆ تۆو ئوممەتت

دەسا لێی پرسی نەبی موختارە
ئەی خەلیل چیتە لێرە ڕەفتارە

فەرمووی ئەی گەورەی ئەولادی ئادەم
ئەنواڕمە نووری ئەعمالی عالەم

بەڵام لە ئەعمالی کەلیمەی شەهادە

بەنورترینی کاری عیبادە

لەوێش نوێژم کرد بۆ جەمعی مەلەک

دەسا ڕۆیشتم بۆ پێنجەم فەلەک

ئاسمانی پێنجەم لە زێری سوور بوو

ناوی منیرە وەها مەشهوربوو

لە ئاسمانی پێنج دیتم یەک دەرگا

وەکو لەوحی زێڕ شوعاعی ئەدا

بە قفڵی نورین کلیل درابوو

کەلیمەی شەهادەی لەسەر نوسرابوو

کاتێ خوێندیەوە ئەحمەدی موختار

دەرگا کراوە قوفڵ کەوتە خوار

وەختێکی ڕوانی سید الوری (وەرا)

لە ئاسمانی پێنج تا تحت الثری

هەر تاریکایی و دوکەڵ دیارە

یەعنی جەهەنەم جێگای کوفارە

یەکێک لە دەرگا چڵۆن وەستاوە

نێوچاوان گرژ و ڕوومەت ژەهراوە

جوبرەئیل فەرمووی ئەحمەدی موختار

ئەمە مەشهورە بە خازینی نار

ئەوە مالیکی ئاگرو نیرانە

لەبۆ جەهەنەم ئەو دەرگاوانە

چووە لای مالک سەیدی عەدنان

سەلامی لێکرد بە شیرین زوبان

سەلامی لێکرد نەبی موعەظەم

جوابی نەداوە ئاغای جەهەنەم

ئەمجار جوبرەئیل هاتە گفتوگۆ

فەرمووی ئەی مالک چاک بزانە تۆ

ئەمە ڕەهبەری دونیاو هەم دینە

ئمە ئەحمەد و طاها و یاسینە

مالک زوو هەڵسا عوزری هێناوە

دەستی لەسەر چاو وەستا بەپاوە

عوزرم قوبوڵکە ئەی فەخری عالەم

ئەی نووری پشتی حەزرەتی ئادەم

ئەمجارە فەرمووی ڕەسوولی ئەکرەم

پێشانم بدە ئاگرو جەهەنەم

ووتی ناتوانم بێ ئەمری خودا
دڵت لێم نەشکێ یا ڕەسول الله

ئەمجار لە تەرەف خوا بانگ کرا
لە قسەی محمد (ﷺ) دەرنەچی ئەصلا

دەر لەحظە لای دا پەردەی جەهەنەم
نعوذ بالله ناگوترێ بەدەم

هەر تاریکایی و گرمەی نیران بوو
گرمەی وەک هەوری مانگی نیسان بوو

حەفتا هەزاران دەریا غیسلین
حەفتا هەزاران زوخا لەگەڵ خوین

حەفتا هەزاران قەتران و ئاو بوو
حەفتا هەزاران مسی تەواو بوو

لەدەوری هەریەک لەم بەحرو دەریا
شارێکی ئاگر دای نابوو خودا

لە کوللی شارێک لە ئاگر هەزار
خانووی دانابوو زاتی کردگار

لەهەر خانوێکی لە تابووت هەزار
درووستی کردبوو خالقی جەبار

لەهەر تابووتێ حەفتا هەزار جۆر

عەزابی تێدابوو بۆ ئەهلی فجوور

دووپشکم دیتن وەکو ئێستران

مارم چاو پێکەوت وەکو حوشتران

بەچاو من ئەمدیت حەفتا هەزار بیر

درووست کرابوون هەر لە زەمهەریر

## ﴿باسی دیتنی حضرة محمد (ﷺ) چەند کۆمەڵێ لە جەهەنەمدا﴾

چەند ژنێکم دیت بە گریانو زار

هاواریان ئەکرد مەلوول و عەمبار

پرسیم لە جیبریل ئەمانە چینە

عەزابیان وەها بە شدەت و قینە

گوتی ئەمانە لە فیرقەی ژنان

خۆیان جوان ئەکرد بۆ غەیری مێردیان

ژنانم ئەدی لە ناو ئاگردا

بەرگی قەطران و زنجیر لە ملدا

گوتیان ئەمانەن حاڵیان زەبوونە

لەگەڵ مێردیان ڕوو گرژ بوونە

هەندەک ژنم دیت هەڵواسرابوون
بەپرچیان دەمیان بە واوەیلا بوون

بە ئاگر ئەکوڵا مێشک و دەماغیان
پرسیم لە جیبریل حاڵو سۆراغیان

جوبرەئیل فەرمووی کە ئەم ژنانە
پەرچەمیان دیار بووە لەلای بێگانە

هەندەک ژنم دیت لاڵ و کوێر و کەڕ
لەناو تابووتی ئاگری بێموفەڕ

گریانیان ئەکرد شین و واوەیلا
بە غەیری زاری زوبان ناسوڕا

ووتیان ئەمانە فیرقەی ژنان بوو
کە غوسڵی حەیضیان لەلا گران بوو

بێ موبالات بوون لە ڕۆژو نوێژیان
ئەبێ بچێژن عەزاب و ئێشیان

هەندەک ژنم دیت بە هاوار ڕۆڕۆ
لەدەست عەزابیان ناکرێ گفتوگۆ

جەرگ و هەناوی خۆیان لە دەمدا
ئەیان خوارد لە گەڵ بلپە و تەم دا

ووتیان ئەمانە ژنی گەوادن

حاڵ شڵەژاون وا نامورادن

زۆر پیاوم ئەدی نعوذ باللە

لەدەست عەزابیان پەنا بە اللە

جەسەدیان وەکو شاخ و جیبالان

زیڕەیان ئەهات وێنە مناڵان

ئاگر ئەسووتا لە طەوقی سەریان

ئەهاتە دەرێ لە پشتو بەریان

گوتیان ئەوانە کەوا بێ نازن

لە قەومی لوط و فیرقەی نێربازن

کۆمەڵێکم دیت ئاگر لەبەردا

زنجیری ئاگر لە دەست و ملدا

مارو دووپشکی زۆر دەیان گەزن

ناتوانن بۆ هیچ لایەک ببەزن

ووتیان ئەمانە کەوا لە دونیا

دەوڵەمەند بوون و زەکاتیان نەدا

شیربایان ئەخوارد وابوو لەلایان

بەپارەی کچان بکەن قەڵایان

ئێستاش عەزابیان ئەبێ وەهابێ

مەگەر مەرحەمەت لەلای خودا بێ

بەعزێکم ئەدی هەر خوا ئەیزانی

عەزابی ئەوان ناکرێ نیشانی

ئاگر لەبەریان وەک بای بەهاران

گرمە گرمی بوو وەک هەوری باران

بەگورزی ئاگر وایان لێ دەدان

لەدەست ناڵەیان دەغیل و ئامان

ووتیان ئەمانەش ئەهلی غروورن

بە دەعیەو بە فیز کەوا مەشهورن

نعوذ باللە لەم نەدامەتە

بمانپارێزی خوا لەو زیللەتە

چەندم دەدیتن لە ئەهلی عەزاب

حیفظ مان بکات خودای وەهاب

بەڵام زۆرترینی ئەهلی جەهەنەم

هەموو هەر ژن بوون بە خودا قەسەم

ماڵ خۆری هەتیو هەم ئەهلی ڕیبا

چڵۆنم دیتن نعوذ باللە

هەندێکم ئەدی لە پیاوو لەژن
ئەوەڕین وەک سەگ لە دەوری بزن

ناڵەیان ئەهات لە ناو ئاگردا
بە دەنگی غەیبی وەها بانگ کرا

ئەمە ئەوانەن کە لەسەر دنیا
لە بۆ مردوویان شینیان ئەگێڕا

کە هاتمە دەرێ لە ناو جەهەنەم
زومرەی مەلائک جەمع بوون یەک دەم

نوێژم بۆیان کرد بۆ فیرقەی مەلەک
ئەمجار ڕۆیشتم بۆ شەشەم فەلەک

ئاسمانی شەشەم یاقووتی سەوزە
ناوی خالیصە بینای بەرزە

دیتم پاوێک بەدەن مواوی
لەوێ وەستاوە پڕ نووورە چاوی

ڕیشی سپی بوو هەتاکو سەر سنگ
وەستابوو عەینەن هەر وەکو خەدەنگ

دەسا جوبرەئیل فەرمووی بزانە
ئەمە مووسایە (علیه السلام) کوڕی عیمرانە

وەختێ چوومە لای سەلامم لێ کرد
بە زەردەخەنە و خۆشی بانگی کرد

فەرمووی محمد (ﷺ) ئەی حەبیب الله
بەنی ئیسرائیل وەها ظەن ئەبا

کە من سەرداری ئەنبیایانم
ئەمن سەروەری عێلی ئەوانم

سەروەر هەر ئەتۆی سوپا سالاری
لە دەشتی مەحشەر تۆ تاقە سواری

حەبیبی حەقی پەروەردگاری
شەفیعی فیرقەی گوناح کرداری

ئیتر لەوێشا مەلەک صەفیان بەست
نوێژم بۆیان کرد دوحام لێیان خواست

ئەمجار ڕۆیشتم بۆ حەوتەم سەما
درووست کراوە لە دوڕی بەیضاء

سوبحانە خودایە بینای غەریبە
لەلای مەلائیک ناوی عەجیبە

ژمارەی مەلەک هەر خوا دەزانی
فریشتەی ئەوێ ناویان ڕۆخانی

چیم ئەبیست لەوێ هەر سیرەی قەڵەم

هەر ئەیان نووسی ئەمری خوای ئەعظەم

وەختێ بەڕاستا ئاوڕم داوە

دیتم کورسیەکی نوورین دانراوە

شەخشێ لە سەریا وەک شەمسی نەهار

باسی جوانی قەط ناکرێ بەزار

پشتی خۆی داوە بە بەیت و المعمور

هەر چوار طەرەفی نوری عەلا نوور

جوبرەئیل فەرمووی ئەمە ئادەمە (علیه السلام)

شەفیە الله یە باوکی عالەمە

سەلامم لێ کرد جوابی داوە

یاخوا بەخێر بێیت ئەی یاسین ناوە

سەروەری فیرقەی پێغەمبەرانی

پشتو پەناهی ئەهلی عیصیانی

خێر هەر لە تۆیە هەم لە ئوممەتت

تا ڕۆژی مەحشەر بەرزە هیممەتت

# ﴿ باسی بیت المعمور ﴾

لەپاشان چوومە ناو بیت المعمور
طاق و پەنجەرەی نوری عەلا نوور

چرای لە یاقووت هەر زەرد و سوورە
تەعریفێ جوانێ لە عەقڵ دوورە

لە سەر ئەم کەعبەیە مەککە دانراوە
جیبریلی ئەمین وای خەبەر داوە

مەلەک لە دەورەی خەریک طەوافن
لە ژەنگی عیصیان بێگەرد و صافن

منیش طەوافم وەکو ئەوان کرد
لە زومرەی مەلەک پرسیارم دەکرد

ووتیان پێش ئادەم دوو هەزار ساڵە
طەوافی ئەکەن دەوری ئەم ماڵە

حەفتا هەزار کەس لە کوللی ڕۆژان
طەوافی ئەکەن ئەهلی عاسمان

لە کوولی ڕۆژێ حەفتا هەزارێک
ئەو نایەتەوە چە تاقە جارێک

# ﴿ باسی جیابوونەوەی جوبرەئیل (علیه السلام) لە حەزرەتی محمد (ﷺ) ﴾

لەوێ جوبرەئیل ڕووی کردە لامە

ئێرە لەبۆ من ئاخر مەقامە

ناتوانم بڕۆم ئیتر بەولاوە

دەنا ئەسووتێم بە نووری خواوە

ئێمە هەموومان مەقام دیارین

تەعیین کراوی خوای جەبارین

وەهای فەرموویە نەبی عەدنانی

گوێم لێ بوو ئەهات دەنگی غەیبانی

خۆشەویستی من ئەحمەدی موختار

مەلەی پێ بکەن لە بەحری ئەنوار

هاوردن چوار مەلەک کورسیەکی منەوەر

دایان نا ووتیان فەرموو بچۆ سەر

هەڵسام و چوومە سەر کورسی جوان

وەها ئەڕۆیشت وەک تیر لە کەوان

دەسا داخڵ بووم بە بەحری بیضاء

نووری سپی بوو هەزار ماشاءالله

عەجائب دیتم یەک مەلائیکەت
لەسەر ئەم بەحرە عەظیم و لخولقەت

پێنج شەد ساڵ بە سواری چەسپان
پێی طەی نەئەکرا بە ئەسپی ڕەهوان

بەس مەسافەی ناوەندی شانی
شتی وا گەورە هەر خوا ئەیزانی

لەوێوە چوومە ناو بەحری خەضراء
کە نووەی سەوزە هەزار ماشاءالله

لەوێشدا دیتم یەک مەلائیکەت
الله ئەکبەر عەظیم و لخولقەت

گەر هەموو دونیا دانێ لەسەر شان
لەلای وەهایە دەنکێکە مەرجان

ئەوسا کە چوومە ناو بەحری سەودا
بەحرێکی ڕەش بوو نعوذ بالله

دڵ هاتە لەرزین ئارامم نەما
ئەپاڕامەوە بە لوتفی الله

لەبۆم بنێرە دڵیک خوا
لە بەحری ئەسوەد نەجاتم بدا

یەکێک بانگی کرد یا محمدا (ﷺ)

ڕوو بکە لای من ڕۆحم بێ فیدا

کاتێ ڕۆیشتم چووم بەلایەوە

سەلامم لێ کرد جوابی دایەوە

ووتم ئەتۆ کێیت ئەی یاری یاران

ووتی میکائیل مەئموری باران

ووتم گەر وابێ پرسارم هەیە

وەرامم دەوە گەر عیلمت هەیە

گوتی بپرسە ئەمەی بزانم

جوابت پێ دەڵیم بەسەر چاوانم

گوتم بۆچ ناوی تۆ میکائیلە

بۆچی جوبرائیل ناوی جیبریلە

بۆچ بە ئیسرافیل دەڵێن ئیسرافیل

بۆچ بە عیزرائیل ئەڵێن عیزرائیل

ووتی ئەوەلەن یا ڕەسول اللە

کە ناوی ناوم میکائیل خوا

من ناو ئەپێوم بە کێلی قەدرەت

ئەی دەم بە هەوران بۆ هەر مەملەکەت

یەک مەلائیکەت لە سەر هەورانە
بڵاویان ئەکات بۆ و ووڵاتانە

کاتێ ئەمر بکات خودای مەنان
لەو جێگایە ئەبارێ باران

ووتم ئەم ڕەعدو ئەم برقە چینە
لەبۆم بەیانکە عیلمەل یەقینە

جوابی دا گوتی ئەی فەخری ئینسان
مەلائیکەیە هەیە مەئمووری ڕەحمان

یەک قەمچی پییە لە هەور ئەدا
شریقەی لێوە دێت برووسکە ئەدا

بە جیبریل بۆیە ئەڵێن جوبرەئیل
جەبری پێداوە خودای جەلیل

مەئمووری مەسخ و ووڵات تێکدانە
ڕەهبەری وەحی و ئەمری مەنانە

ئەو تێکی داوە گەلێک وڵاتە
ئەو تێکی داوە گەلێک قەڵاتە

گوندی قەومی لوط لەلات ئیثباتە
ئیتر ڕووخاندی خانوو قەڵاتە

بەڵام عزرائیل قابیضە بۆ گیان
هەر ئەو لێک دەکات دۆست و برایان

ئیتر ڕۆیشتم لەلای میکائیل
هەتاکو هاتمە لای ئیسرافیل

کەچاوم پێ کەوت سەرم سووڕ دەما
عەقڵم پەشۆکا لەکاری خوا

هەزار هەزاران هەر باڵی هەبوو
یەک ملیۆن تەواو هەر سەری هەبوو

لە کوللی سەرێک یەک ملیۆن دەمان
لە کوولی دەمان یەک ملیۆن زمان

بە هەر زوبانێک ئەنواعی لوغات
ذیکری خوای ئەکرد دائیم و لئەوقات

پای چەقاندبوو لە ئەرزی حەوتەم
لەسەر شانی بوو عەرشی موعەظەم

صور لە پێش چاوی نەصب کراوە
چاوەڕوان ئەکا ئەمری خواوە

کە پێی ئەمرکات دنیا خراوە
نەفخی صور لێدە دنیا تەواوە

بەقەدەر ڕۆحی مەخلوقی خودا

صوریش ئەوەندە کونی واتێدا

لەوحی مەحفوظی لەپێش چاوانە

پانایی هێندەی ئەرز و ئاسمانە

بۆلای ئیسرافیل **(علیە السلام)** ئەمجار ڕۆیشتم

سەلامم لێ کرد لەلای دانیشتم

گوتم ئەی برای عەزیز و نازدار

پێم بڵێ لێرە تۆ چیتە کردار

گوتی ئەی نەبی ئەحمەدی موختار

لێرە ئەژنەوم کەلامی جەبار

ئەژنەوم کەلام لە نزیک و دوور

هەر وەکو موسا **(علیە السلام)** لەسەر کێوی طور

کاتێکی ویستی شتێ درووست کا

بە (کن فیکن) ئەمری پێ ئەکا

ئەو شتە دیتەوێ بە تەواو بوون

کەلیمەی قودسی کون **(ببە)** لەگەڵ یەکون **(دەبێت)**

ووتم ئیسرافیل ئێرە کوێندەرە

گوتی ئەی نەبی سەرت هەڵبڕە

سەرم بەرزکرد دیتم بەم چاوە

سەرم وا بەژێر عەرشی خودایە

هێندە نەمابوو شێت و حەیران بم

بەوێنەی مەجنوون هەر سەرگەردان بم

یەک کەڵەشێری لە نوور کراوە

دیتم سەری خۆی لە عەرشی داوە

لەپاشان دیتم یەک مەلائیکەت

لەوێ وەستابوو بەسام و هەیبەت

پرسیم ئەمانە چین وا کەریمن

گوتی هەڵگری عەرشی عەظیمن

ئەمجار کۆمەڵێ مەلائیک هاتن

وام زانی ڕۆژ بوون لە برج هەڵاتن

هەموو هاتنە لام سەلامیان لێم کرد

دەستیان کردە مل من و ماچیان کرد

ووتیان بەخێر بێیت ئەی مانگی تابان

هەر تۆی سەرکردەی عالی جەنابان

هەستە بابڕۆین ڕەسوولی ئەنام

پەردان لابدە بۆ ئەقدەس مەقام

دەسا ڕۆیشتم لەگەڵ ئەوانە
چەندەم لا دەدان پەردەی نیهانە

حەفتا هەزاران پەردەی منەوەر
نووری سپی بوون لێیان چوومە دەر

حەفتا هەزاران پەردەی زۆمەرود
لە نووری سەوزی حەزرەتی صەمەد

حەفتا هەزاران پەردەی ئیستەبرەق
حەفتا هەزاران سوندوسی بە شەوق

حەفتا هەزاران پەردەی ظولمانی
سام و دەهشەتی هەر خوا ئەیزانی

حەفتا هەزاران حیجابی عەنبەر
حەفتا هەزاران لە میسکی ئەذفەر

حەفتا هەزاران هەر جەبەروت بوو
حەفتا هەزاران پەردەی قودرەت بوو

بەینی هەر پەردەیە خۆ پێنج صەد ساڵە
سوبحانە لەو خوای خاوەن جەلالە

ئەوسا کە چوومە حیجاب و لەمەلەک
سوبحانە لە خوای دانەری فەلەک

لەوێوە چوومە حیجاب و لعیزەت

سوبحانە لە خوی مەبدەئی حیکمەت

لەوێوە چوومە حیجاب و لکەمال

سوبحانە لە خوای بێ شوبهەو میثال

ئەمجارە چوومە حیجاب و لقەهر

سوبحانە لە خوای خاوەنی جەبر

ئەوسا کە چوومە حیجاب و لبەقاء

لەوێوە چوومە حیجاب و لعەلا

لەوێوە چوومە پەردەی کیبریا

ئەمجار گەیشتمە حوضوری خودا

ئیتر صەد هەزار حیجاب لادرا

مەجلیسی عوشاق موزەیەن کرا

بەلای ڕاستم کە ئاوڕم داوە

حەفتا هەزار صەف مەلەک وەستاوە

دەست لەسەر دەستان زومرەی ئەدیبان

بێ دەنگو خامۆش وێنەی غەریبان

پەردەی جەلالیان کە هەڵئەداوە

صەدهەزار قیطار مەلەک وەستاوە

صەد هەزاری دی لە سوجدە دایە

شەد هەزار لە ڕکوع پشتی چەمایە

هەتا قیامەت حاڵیان وەهایە

جەلال و کەمال هەر بۆ خودایە

سەرم سوڕمابو عەقڵم پەرێشان

دەسا بانگ کرا لەلایەن مەنان

نەزیک بەرەوە لە من حەبیبم

بۆ دەردەداران هەرخۆم طەبیبم

مەعشوقی عاشق منم ئەی نەبی

ڕەحمەت و سەلامی من لەسەرت بێ

دووبارە فەرمووی خودای ذی الجلال

لێم نزیک ببە ئەی بەحرو لکەمال

کە قاب قوسەین نزیک بووم لەخوا

لە بەحری قودسا دڵ شەپۆلی دا

شتێکی وام دی عەقڵی عاقڵان

لێی حەیران ئەبوو عیلمی عالمان

ئەوە کە من دیم لەلایەن خواوە

بەیان کردنی ئیزن نەدراوە

خودای عەظیم و خاوەن جەلالەت

لەناوشانی دام بە دەستی قودرەت

سوێندم بە الله لەگەڵ لێدانی

عیلمی ئەوەڵ و ئاخیرم زانی

وا تێگەیشتم لە ئەرض و سەما

هیچ کەس نەماوە هەر من و خودا

شاری خامۆشان هاتە بەرچاوم

لە بەحری عیشقا غەرق کراوم

دووبارە فەرمووی خوای ئەکبەر

گەلێک بەخێر بێی ئەی خەیرولبەشەر

نەمزانی چی بڵێم لە خزمەت خودا

چلۆم سەلام کەم لە زاتی الله

ئیلهامم کرا بە التحیات

لەگەڵ صەلەوات هەم طەییات

سەلامم لێ کرد بەم کەلیمانە

جوابم پێداوە خودای مەنانە

فەرمووی السلام علیک طاها

لەسەری تۆ بێ ڕەحمەتی خودا

بەجمووعی مەلەک ئەهلی سەماوات

ووتیان کەلیمەی شەهادەت بە ئیثبات

## ﴿ باسی گفتوگۆی خودای تەعالا (جل جلاله) لە گەڵ محمد (ﷺ) ﴾

ئەمجارە فەرمووی خودای ئەکبەر

محمد واتۆم کرد بە پێغەمبەر

پێغەمبەرێکی عەظیم و الشانی

سەردارو گەورەی پێغەمبەرانی

ئەحمەد رەحمەتەن لیلعالەمینی

ئەحمەد شەفیعەن لیلموذنیبینی

ئەحمەد تۆ نەبای گەر بۆ تۆ نەبا

خەلقم نەئەکرد من ئەرض و سەما

ئەحمەد ئەمیر تەختی نبوەت

خاتەم لئەنبیا ئەتۆی بە عیزەت

ئەحمەد ئوممەتت چاترینی ئوممەت

ئەمر بە چاکە ئەکەن بە شەوکەت

ئەحمەد هەرکەسێ کە تۆی خۆش نەوێ

دوژمنی منە منیش نامەوێ

ئەحمەد هەرکەسێ تەصدیقت بکا
پێشکەشی ئەکەم جەنات ول بەقا

ئەحمەدی موختار جاهاتە گوفتار
شوکری خودای کر بێ حەد و شومار

فەرمووی ئیلاهی تکات لێ ئەکەم
ئوممەتم نەبەی لە بۆ جەهەنەم

تکات لی ئەکەم ئەی خودای کەریم
وەک ئوممەتانی ڕابردووی قەدیم

ئوممەتم نەبێ مەیموون و بەراز
لەناو ئوممەتان بین سەرفراز

تکات لێ دەکەم ئەی خودای بەعیزەت
بنواڕە ئوممەتم بە نەظەری ڕەحمەت

تکات لێ دەکەم ئەی خودای غەفوور
ئوممەتم ببەخشە لە گوناە و فجور

دووبارە فەرمووی خودای مەنان :
بەچاو دەم بینی ئەی فەخری ئینسان ؟

ئەحمەد جا فەرمووی ئەی خوای لا مەکان
بێ عەیب و بێ ڕەنگ بێ میثل و نوقصان

بەچاو ناتبینم بە دڵ دیاری

بۆ هەممو عالەم پەروەردگاری

فەرمووی ڕاست ئەڵیی ئەتۆ ئەی ئەحمەد

مالک الملوک منە هەم صەمەد

کەسی بێ کەسان قاضی الحاجات

منم خالقی ئەرض و سەماوات

گەر کەسێ شتێک لە من طەلەب کا

یەقین دەیدەمێ بێ حەق و بەها

هەرکەسێ بە ڕاستی پشتم پێ بدا

دەست گیرۆی ئەکەم ئەی محمدا

ئەحمەد بزانە تۆ لە کوێندەری

عەبدی لە بۆ من هەم پێغەمبەری

محمد فەرمووی نازانم ئەمن

ئەوەی بزانم تۆی خالقی من

ئەی خودای گەورە بە دەستی قودرەت

خەلقت کرد ئادەم ڕۆیشتە جەنەت

ئەمرت کرد لەسەر مەجموعی مەلەک

سوجدەیان بۆ برد نوورانی فەلەک

ئیبراهیمت کرد بە خەلیلی خۆت
موسات هەڵبژارد تۆ بۆ گفتوگۆت

ئیدریست دانا لە باغی جینان
سەطوەتت دایە نەبی سولەیمان

عیسات خەلق کرد تۆ بۆ گوفتارت
چی دەدەی بە من فەصل و ئەنوارت

چیم پێشکەش دەکەی لە ئینعامی خۆت
چیت بۆ داناوم لە ئیکرامی خۆت

خوداوەند فەرمووی ڕەسوولی ئەمین
هەرچەند خەلقم کرد من ئادەم لە طین

ئەتۆم درووست کرد لە نووری ذاتم
لە تۆو ئەوانیش بێ موبالاتم

ئەگەرچی ئیبراهیم خەلیلی من بی
محمد خۆ تۆ بۆ من حەبیبی

مەعلوومە حەبیب خۆ گەورەترە
ئەمەی پێت ئەڵێم چاکی وەرگرە

ئەگەر چی موسا کەلیمی طوورە
بەڵام جێگای تۆ خۆ کێوی نوورە

ئەگەر چی ئیدریس جێگای جینانە

بەڵام جێگای تۆ ئەقدەس مەکانە

بە داودم دا زەبوورو عیرفان

بۆ تۆ ئەنێرم ئایاتی قورئان

گەرچی سولەیمان خاوەن سەڵطەنەت

ئەرضم کردووە لە تۆ بۆ مزگەوت

کەوثەرم داوە لەگەڵ شەفاعەت

مانگی ڕەمەزان لەگەڵ غەنیمەت

ئەمجا محمد فەرمووی ئەی خودا

بە ئوممەتی من چی ئەکەی عەطا

جوابی دایەوە خودای وەهاب

حەفتا هەزار کەس لە ئەهلی عەزاب

لە ئوممەتی تۆ لە ڕۆژی مەحشەر

ئەیان بەخشم پێت ڕەسوولی ئەکبەر

پێغەمبەر فەرمووی میوانم شەوێ

خوایە لە لوطفی تۆ زیادەم ئەوێ

جوابی دایەوە خالقی ئەکبەر

مژدە بێ لە تۆ ڕەسوولی ئەنوەر

لە ئوممەتی تۆ  هەرکەس بە یەک ساڵ
گەر تۆبە بکات لە گوناه و ضیلال

لەپێش مردنی لێی قوبوڵ ئەکەم
ئەی بەخشم دەرحاڵ ڕەحمی پێ ئەکەم

هەمیسان فەرمووی سەیدی ئەنام
زیادەم دەوێ ئەی خودای عەلام

جوابی دایەوە خودای تەعالا
بە گەورەیی خۆم قەسەم بە الله

هەرکەسێ بە یەک مانگ لە پێش مردنیا
لە ئوممەتی تۆ گەر تۆبە بکا

لێی قوبوڵ ئەکەم بە غیززەتی خۆم
بێبەشی ناکەم لە ڕەحمەتی خۆم

هەمیسان فەرمووی ئەحمەدی موختار
زیادەم ئەوێ لە لوتفی جەبار

جوابی دایەوە خودای سەتتار
فەرمووی السلام رەسوولی نازدار

گەر کەسێ ببێ لە ئوممەتی تۆ
پەشیمان ببێ لە گوناهی خۆ

لەپێش غەرغەرەی تۆبەی ڕەوایە

الحمد لله لوتفی خودایە

ئازادیان ئەکەم لە ئوممەتی تۆ

شەد هەزار موجریم هەر شەوی هەینۆ

لە مانگی ڕۆژوو یەعنی ڕەمەزان

لە ئوممەتی تۆ لە ئەهلی عیصیان

کوللی شەوێکی هەزار گوناهکار

ئازادیان ئەکەم ئاخر شەست هەزار

گوناهی ئوممەتت یەک بە یەک هەیە

بەڵام چاکەیان هەر یەک بە دەیە

شوکر خودای کر ئەحمەدی موختار

ئیرادەی واکرد ئەمجا بێتە خوار

پێنج مانگ ڕۆژوو لە نوێژ پەنجا

بۆ ئوممەتی ئەو موقەدەر کرا

کە هاتەوە خوار گەیشتە موسا

گوتی بەخێر بێیت یاخوا موصطەفا

موبارەکت بێ ئەی گەورەی عالەم

ئەی تاقە گوڵی گوڵزاری ئادەم

ئەمەت عەرض ئەکەم لێم وەرگرەوە

گەلێک میللەتم بەسەر کردەوە

ئینسان تابیعی نەفس و شەیطانە

مودارای میللەت گەلێ گرانە

خوصوص ئوممەتت ئاخر ئوممەتە

ئەم هەموو فەرزە لایان زەحمەتە

وا مەصڵەحەتە لە خودای مەنان

بپاڕییتەوە بۆت بکا نوقصان

خوڵاصەی کەلام بە بیانو چەند جار

لە خودا پاڕایەوە ئەحمەدی موختار

هەتاکو کردیە یەک مانگ ڕەمەزان

نوێژی کرد بە پێنج خالقی مەنان

ئەمجار گەڕاوە ڕەسوولی خەلیل

لەڕێگا گەیشت ئەو بە جوبرەئیل

لە هاتنەوەدا سەیدی مەنان

مەیلی لەسەر بوو بچێتە جینان

فەرمووی جوبرەئیل ئەمینی حەضرەت

ئارەزووم وایە بچمە جەننەت

# ﴿ باسی ڕۆیشتنی حەضرەتی محمد (ﷺ) بۆ جەنەت ﴾

وەختێ محمد (ﷺ) ڕۆیشت بۆ جەننەت
دیتی مەلەکێ عظیم و ل خولقەت

مەنبەعی نوورە مەظهەری شەوکەت
لەسەر یەک کورسی لە درگای جەننەت

سەلامی لێ کرد سەیدی عەدنان
لەبەری هەڵسا جەنابی ریضوان

ووتی بەخێربێیت نەبی موحتەرەم
شەفاعەت خوازی ئەهلی جەهەنەم

چوونە ژوورەوە بۆ باغی جینان
دیتی ووردە بەرد لوئلوئو مەرجان

خۆڵی لە میسک و لە زەعفەران بوو
داری لەزێر و لە زیوی جوان بوو

حەوت جۆگەی تێدا بوو پڕی لە ئاو بوو
یەکێکیان شیر و یەکێ شەراو بوو

یەکێ لە هەنگوین یەک لە سەلسەبیل
سوبحانە خودای عەظیم و جەلیل

ئیتر ئەوەی دڵ کە خۆشی بوێ

چاویش پێی خۆش بێ حاضیرە لەوێ

ڕێگای جەننەت تەقوای خودایە

قورئانی مەجید وای خەبەر دایە

بێ بەشمان نەکەی لە باغی جەننەت

ئەی خودای گەورە خاوەنی ڕەحمەت

وەختێک هاتمەوە گەڕامەوە دوا

هەتاکو هاتمە ئاسمانی دونیا

ئەمجا هاتمەوە مەکەی موکەڕەم

دوعاخوازی کرد جیبریلی ئەعظەم

گوتی تۆ لەلای قەبیلە و خزمان

ئەمانەی کە دیت بەیان کە بۆیان

ووتم جوبرەئیل ئەی ڕۆح ول ئەمین

باوەڕ ناکەن پێم فیرقەی موشریکین

جوبرەئیل فەرمووی ئەی نەبی موختار

تەصدیقت ئەکات پیاوێکی نازدار

کە ئەبوبەکرە مەنبەعی ئیمان

ناوی صیدیقە لە ئەرز و ئاسمان

جوبرەئیل ڕۆیشت من چوومەوە ماڵ
کە سەرنجم دا لە ماڵ و منداڵ

کە دیتم چاویان لە شیرین خەوە
زانیم میعراجم هەر لە ئەو شەوە

بەڵێ بە لەحظەیەک سەید ول سادات
گەڕرا مەجموعی هەموو سەماوات

بینی ئەم ئاسمان هەتا ئەو ئاسمان
پێنج صەد ساڵ ڕییە بێ شک و گومان

سبەینێ لەخەو هەڵسا دەتوبرد
باسی میعراجی بۆ خەلو بەیان کرد

موشریکین هەموو هاتنە پێکەنین
ووتیان شێت بووە بەدەست سەیاطین

ئەمجا ئەبوجەهل مەلعونی غەددار
ووتی بە قەومی لەعینی کوفار

خۆ من ئەوەڵ جار پێم گوتن شێتە
وا قشەکەی من گوتم هادیتە

وەختێ کە فەرمووی ڕەسوولی ئەقدەس
لەڕێوە چوومە بەیت ول موقەدەس

ئەمجارە ووتیان فیرقەی موشریکین

بۆمان تەعریفکە تۆ بەیتی ڕەنگین

خودا ئەمری کرد بە ڕۆح ول ئەمین

فەرمووی زوو هەڵسە بچۆ سەرزەمین

بیت المقدس هەڵگرە ظاهیر

ڕای بگرە لەلای سەیدی طاهیر

جوبرەئیل ڕایگرت بە هەردوو دەستان

لەلای محمد سەیدی عەدنان

دارو دیواری هەموو بەیان کرد

طاقو پەنجەرەی هەموو نیشان کرد

دووبارە فەرمووی فەخری ئینس و جان

لەڕێگادا دیم قافڵەی کاروان

قافڵەو قەطاران لە فڵان جێیە

ماڵو کوتاڵیان لەو نەوعە پێیە

چەند کەسێ لە بەنی مەخزووم لەگەڵدا

حوشترێکی سووریش لە پێش قەطاردا

وەختێ ڕۆژ هەڵات لە فڵانە ڕۆژدا

قەطاری ئێوە دێتە ئەم عەردە

موشریکین هەموو سەریان نەوی کرد

بوبەکری صیدیق تەصدیقی وی کرد

ئەبوبەکر فەرمووی ئەی نەبی موختار

لەمەش عەجیب تر گەر بکەی ئیظهار

تەصدیقت ئەکەم سوێندم بە جەبار

گەر بشمکوژن میللەتی کوفار

ئەبوجەهلی مەلعون پیسی بێ ئیمان

پیاوێکی دانا لەسەر ڕێی کاروان

ووتی بزانین ئەحمەدی موختار

ڕاست ئەکا وەها دێتەوە قەطار

چونکە زۆر دووربوو ڕیگاکەی قەطار

لەو وەختە فەرمووی نەگەیشتە شار

ڕۆژی حەبس کرد خودای کردگار

قاصد بانگی کرد ئەوا هات قەطار

ئەبوبەکر فەرمووی ئەی شەمس و نەهار

قەطار و خورشید پێکەوە بوون دیار

ئەصحابی ڕەسول بە خۆشی شادان

زۆر سپاسیان کرد بۆ ذاتی یەزدان

تاریخی ئیسلام وا ئەکا ئیظهار

لەم موعجیزەدا موشریک چوار هەزار

ئیمانیان هێنا بە فەخری ئەنام

بە یەکجار هەموو زوو بوون بە ئیسلام

الحمد لله گەیم بە موراد

کە تەواوم کرد بە دڵێکی شاد

باسی میعراجی سەید ول ئەنام

لە سەر ڕۆحی بێ بارانی سەلام

بۆ ئال و ئەصحاب سەلام ئەنێرم

مەجموعی ئیسلام بە خوا ئەسپێرم

خوایە بم بەخشە هەم دایک و بابم

هەموو ئیماندار خصوص ئەحبابم

تاریخ هەزار و سێ صەد و حەفتا

تەمەن بیست و یەک منداڵم ئێستا

منیش سەلامم کوڕی محمد

ئەصلەن حەیدەری ئەمجەد فەلئەمجەد

هەرکەس کە دیتی بۆ فاتیحایەک

تکاتان لێ دەکەم هێندەی دنیایەک

شەو ڕەوی حەضرەتی محمد (ﷺ) جەژنێکی

پیرۆزی ئیسلامە ، چونکە دانانی ئایین و ڕەفتاری

ئیسلامیەت لەم سەفە گەورەی حەضرەتی محمددا (ﷺ)

بنیات نرا ، پێویستە هەموو موسوڵمانێک بزانێ کە شەو

ڕەوی حەضرەتی محمد (ﷺ) جەژنێکی تکرای ئیسلامە .

جا لەبەر ئەمە منیش چەند هەڵبەستێکی ئایا ڕێک

و ئایا نارێک مفادی ئەم شەوڕەویە عەضیمەتان

پێشکەش ئەکەم . تکا لە هەموو کورد زبانێک ئەکەم

بە چاوی عەصەمەت تەماشای بفەرموون لە حەفلاتی

عمومی ئیسلامیدا بی خوێننەوە بۆ کوردزبان

دیاری .

دانەر

سلام حیدری

﴿لە سۆزی دڵمەوە لە مەدحی حضرت محمد (ﷺ) ئەم ﴾

﴿شعرانەتان پێشکەش بێ﴾

| | |
|---|---|
| شەمسی بورجی اصطفا | بولبولی باغی والضحی |
| ئەی گوڵی گوڵزاری هدی | جنابی احمد مصطفی |

گەوهەری تاجی ئەنبیا
ڕەهبەری فیرقەی اصفیا

ئەنوەری مەخلوقی خودا
جەنابی ئەحمەد مصطفى

ئیمامی جەمعی قودسیان
پشتو پەناهی عاصیان

طاوسی باغی جەنەته
قومری حەدیقەی عیزەته

تاجی سەری رسالەته
جەنابی ئەحمەد مصطفى

شەفیعی ڕۆژی مەحشەره
خاوەن مەقام و کەوثەره

شاری علومی حەیدەره
جەنابی ئەحمەد مصطفى

مەنبەعی عیلم و حیکمەته
مەظهەری ڕۆژی شەوکەته

ڕەئیسی جەمعی میللەته
جەنابی ئەحمەد مصطفى

## ﴿باغچەی گوڵان﴾

خۆزگەم بە سەگی درگەهی بەطحای محمد (ﷺ)
ڕۆحم بە فیدای خاکی بەری پای محمد (ﷺ)

ئەی فەخری سەعادەت و ئەی نوری خودای
قودسی هەموو حەیرانن و شەیدای محمد (ﷺ)
ئەی پادشەهی عەرشی نبووەت شاهی عالم
وەک ڕۆژە لەناو بورجی صەفاهای محمد (ﷺ)

دۆڕ هەڵگری دەریای مەقاماتی مەعانی

مەستی مەی هەڵمژی صەهبای محمد (ﷺ)

ئەی ڕەحمەتی کەونەین و مەنبەغی ئەنوار

ئەی فەخری صەداقەت چیە سیمای محمد (ﷺ)

اشراوە لەبۆ نووری جەمالت هەو خورشید
غەوغای مەلەک ئەم شەوی ئەسرای محمد (ﷺ)

ئەی شەمعی شەبستان و ئەی قودوەی عالەم

ئەی ڕەهبەری گوڵ شوعلەی دلوای محمد (ﷺ)

کۆگای مەلەک مەبەطی ئەسرای خودای

جەناتی بەقا ڕەوضەی والای محمد (ﷺ)

وەک ڕۆژی منەوەر لە ڕۆژی تاری بەهارا

هەڵهاتو درەوشا یەدی بەیضای محمد (ﷺ)

ئەی غونچەی باغی ئەزەل دەست چنی عیرفان

جانم بەفیدای ئەم قەدی ڕەعنای محمد (ﷺ)

فکری سەگی ئەصحابی کەهف ئەیکەم و ئەمما

صەد شوکری خوا من سەگی دەرگاهی محمد (ﷺ)

ڕۆحم بە فیدات ئەی گوڵی گوڵزاری مەدینە

ئاواتی ئیسلام نەرگسی شەهلای محمد (ﷺ)

******بە عینایەتی خوا تەواو بوو*****

رقم الايداع فى المكتبة الوطنية ببغداد ٢٥٢ لسنة ١٩٨٢

# معراج نامه

## شه‌وی روناك




(نرخی صه‌د ١٠٠ فلسه)

چاپ کرا له سه‌ر نفقه‌ی محمد امین عصری
خاوه‌نی کتیبخانه‌ی ترقی له کرکوك

(٥)

ووشتی شەهادەتی لەنێو جیهانی
وەها بووسراوە خەطی نورانی

تا جێلێک لەسەر یاوەلێ بوری تەما
لەگەڵ فاطمە خۆشی هاتە کەلام

بە باوکت بڵێ ئەو بێتە لامان
خوا بوی ناردووە قافلەی بەسەلامان

خۆشی هاتە دەر احمدی خلیل
نەفەری گرد ئەوا لەوی جبرئیل

جبرئیل دە نەفەر هوو یا رسول الله
سەلامەتی لێ بێ یا حبیب الله

تشریفتان هەلسێ گەورەی خوشە...
هۆشت گورج بکە بەچاوکی جوست...

ئەم شەو میوانی پەروەردگاری
لە بۆ معراجی کردوی دیاری

ئەمجا کە زانی بێنی بۆ نانی
دڵی پڕ بوو لە شادمانی

جبرئیل دە نەفەر هوو ئەی نبی مختار
لە بۆ م هێناوی براقی نازدار

زینی بوراق وەها ڕازاوە
لە فخری عالەم روایەت کراوە

لە شێوەی ئەسپ لە گەورەتر
روخسار ئادەمی نەک هێندەی هیستر

ڕەنگی بوزو بەڵکو خاڵ لە پادا
توصیفی بوراق کەس شەرحی نادا

زینێکی تخشین لە دوڕ و گەوهەر
لە سەر پشتی بو لە بو پێخەمبەر

بوراقی کەوی احمدی مختار
سەری سوڕ و مەدا لە کاری جبار

هەر ڕێک بو سوار بی لە بوراق بی
هاتە اضطراب بوراقی ربی

جبرئیل دەفەرموو بوراقی نازدار
شەرم بە زاتی واحد القهار

لەوەی گەورەتر ئەم خوشەویست تر
ناچیتە بیشتا تا ڕوژی محشر

لە بەر بەرداوی ئەمو اشانە
وە خاوەن نور و عرفانە

قرآن بۆ ئەم دێ بەدیاری‌و خەلات
ئەمە شـــفیعی ڕۆژی عرصـــات
براق جواب دا لەمن بون سوار
آدم‌و نوح‌و خلیـــلی نازدار
جبرئیل دیفەرمو ای براق بەخوا
هر محمدە تاجی انبیـــا
دنیاو قیامت بۆوی دانراوە
لۆلاك لۆلاك وای خبر داوە
هر أو شفیعی خاوەن گناهە
بۆ فرقەی ائیم پشتو پناهە
أنجا هاتە جواب گوتی جبرئیل
وعدم پێ‌بدات احمدی خلیل
لەڕۆژی محشر لەمن سوار بێ
سپە سالاری فوجی اخیار بێ
عهدی کرد درحالۆ احمدی جوانرۆ
لە ڕۆژی محشر سوار ئەبم لەتۆ
احمد ســـواربو لە پشتی براق
شۆرە سوارێك بو لەعالمدا طاق

(٨)

آزا فراندی بۆراقی چالاك
احمدی بردە سەر أوجی افلاك
لە آسمان جبرئیل ڕوی کردە بۆراق
گوتی دای بنێ أستێرەی آفاق
گوتی ای احمد نوێژ کە دوڕکعت
ای تکا کاری ڕۆژی قیامت
ایرە مشهورە بەوادی عقیق
کەلێك پیرۆزە ای نبی شفیق
دیسان سواربو رسولی مختار
کەسێ بانگی کرد لە طرف یسار
احمد ڕاوستە من نصیحت کارم
بۆ تۆو امتت بەدڵ هۆشیارم
هیچ گوێ پێ نەدا احمدی امین
بۆراقی ڕانی ئەم سواری ڕنگین
دوبارە دەنگێك لە پشتیەوە هات
ڕاوەستە احمد تاکو دێمە لات
لەوێش تێ پەڕی هیچ گوێ پێ نەدا
یکێ تر دیسان بانگی کرد بەصدا

گوتی وەستانت کەلەك مقصودە
بۆ تۆو امتت زیادە بە ســـودە

لە پاشان دیتی ژنێکی جوان
جوانی‌وا نەبو لەنوعی انسان

وەك مانگی تابان ادرەوشا لە دور
دەورو پشتی خۆی پڕ کردبو لەنور

گۆتی راوەستە ای فخری عالم
رئیس‌و گەورەی اولادی آدم

من نصیحت کارم هەتا قیامت
بۆتۆو امتت بەبێ خیانت

بەچوستی ڕویی لەوێش تی پەڕی
جــبرئیل ووتی بە پیغمبری

(باسی گەیشتنی حضرة محمد (ص) بە بیت المقدس)

لێرە دابەزە ای ذاتی اقدس
بە چاو بی‌نە بیت المقدس
وەختێ دابەزی احمدی مختار
جناتی عدنی لە پێش بو اظهار

مهبطی زومرەی بەرزی انبیا
بیت المقدس قبلەی اصفیا
دیتی لەدەرگا جوانی وەستاوە
شعاعی نوری وەك ڕۆژ بلاوە
دەستی لەمل کرد بەخۆشە ویستی
احمدی ماچ کرد بەچاوی مستی
دەسا محمد کەچوە ژوورەوە
فرقەی انبیـــا کۆ دەبونەوە
بو بە امامیان نوێژی بۆ کردن
عهدی گەورەی لێ وەر گرتن
نوێژی بۆیان کرد رسول بلاوبون
احمد وجبریل هر لەوێ مابون
دەسا محمد (ص) منبعی یقین
ووتی بە جبریل ای برای امین
لەبۆم بیان کە ئەم دو دەنگە کە
لەرێ بانگیان کرد لەگەڵ ژنەکە
او کوڕە کێ بو کە ڕاوەستابو
کە ایمە هاتین لەبەر دەرگا بو

جبرئیل فەرموی ای نبی نازدار
ئەمەی لە پێشا بانگی کرد یك جار

ئەمە قاصدی فرقەی دیان بو
کەڕانە وەستای حفظی منان بو

اگر وەستابای محقق قوربان
بعضێك اومتت ئەبون بە دیان

دەنگە کەی دومین هین جولەکان بو
کە ڕانەوەستای حفظی ڕحمان بو

اگر ڕاوەستا بای سیدی مکە
بعضێك اومتت دەبون جولەکە

او ژنەی دیتت کەزۆر جوان بو
معـــلومت بێ ئەوەش دنیـــابو

قبولت نەکرد تۆ دنیای فانی
بۆ خوّو اومتت زۆر چاکت زانی
ئەم کوڕە جوانەی کەلە بەر دەرگا
خۆ دینی تۆبو أی ذاتی طه

﴿باسی چونی حضرتی محمد (ص) بۆ آسمانی یکەمین﴾

ئجار هاتە دەر رسولی خدا
ڕۆیی بەسەر کەوت لە صخرة الله

دیتی معراجێك یعنی نەر دیوان
نصب کراوە هتاکو آسمان
پلە یێك لە زێر یکێ لە زیوبو
شتی جوانی وای هیچ کس نەدیبو
کانی گەیشتە آسمانی یەکەم
لە دەرگای دەدا جبرئیلی اکرم
دەرگەوان ووتیان کێیە والە دەرگا
وەها بە شدت لە دەرگا دەدا
جبرئیل دەیفەرمو من جبرئیلم
هاوڕێو رفیقی احمد خلیلم
هاتووە بۆ معراج بە امری خدا
دعوت کراوە نبی مصطفی
دەرگایان لادا وگوتیان مرحبا
لە تۆو رفیقت رسولێ خدا
وەهای فرمووە رسولێ عالم
گەورە ترینی اولادی آدم
آسمانی یەکەم سرپاك لە دوکەڵ
وەهای داناوە خدای عز وجل

ملائك صف صف هەمو وەستاون
بۆ أمری خدا دەست لەسەر چاون
هەندەك لەڕكوع هندەك لە سجدە
بەجێ دەهێنن ڕفتاری بنـــدە
سرچاوەی نیلو ڕوباری فرات
لەآسمانی یکەم سرچاوەی أهات
قصرێکم دەدیت نیوەی لۆلۆ بو
نیوەی زبرجد وەها معلوم بو
لەناو ئەم قصرە آوێکی سپی
هزار ماشاءالله لەکاری ربی
گوتم جبرئیل ای برای انور
لەبۆم بیان کە قصری پڕ گوهر
ورامی داوە ئەمە کوثرە
خەلاتی تۆیە ڕۆژی محشرە
عجایب دیتم یك ملائکت
سواری اسپێ بو عظیم الخلقت
لەژێر دستی‌دا حفتا هزارە
هەموی ملائك بندەی جبارە

هریك لە دەستی گورزێکی نورین
دیسان ڕوم کردە جبریلی أمین
لەبۆم بیان کە کاری امانە
ڕفتاریان چیە لەم سەر آسمانە
ووتی أمانە کاریان وهایە
هر کسێ بکات بێ أمری خوایە
أوان بانگ أکەن لەارض وآسمان
بێ أمری خوای کرد فلان کوری فلان
مجموعی عالم ناخوشیان دەوێ
ئەمەی چاکە بکات زۆر خۆشیان دەوێ
شتێکی ایکەمدی قـدرتی قادر
ملائکەتێك لە بەفرو آگر
نیوەی لە بەفرو نیوەی لە آگر
کەچوم لەبۆلای دیتم عجیب تر
هزاران سەرو لەکلی سەران
هزاران دەمو چاو پڕ لە گوهران
لەهر دەمو چاو هزار زوبانە
بەهزار لغت هریك لەوانە

دەکەن تقدیسی خدای کریمە
ئەمەم بەچاو دی خدا علیمە
جار جاریش دەیکوت خدای جبار
دڵیان صاف بکەی بۆیك ایماندار

ایتر ملائك خڕ دەبونەوە
صفیان دەبەستا لە دوای منەوە
بوم بەإمامیان نوێژم بۆ کردن
بۆ منو اومتم دوعایان دەکردن

ایتر سواربوم لەبۆراقی جوان
هتاکو هاتین بۆ دوەم آسمان
آسمانی دومین سەرپاك آسنە
لەلای ملائك ناوی ماعونە

چەندم دەدیتن ملك چین بەچین
هەمو یان سوار لەوولاغی ڕەنگین
هەمو لەدەستیان شمشێری نسرین
لە ناویانابو دو پیاوی نورین

دەسا أیفەرمو جبریلی أمین
اگر نازانی ئەم سوارانە چین

پشتو پناهی جیشی مسلمان
کۆمەڵیان أکەن لە ڕۆژی میدان
ئەم جوتە پیاوە لەناو یانەیە
یەکیان عیسی ئەویان یحیایە
بڕۆ بۆلایان ای احمد أمین
سلامیان لێ بکە بەزبانی شیرین
چوم سلامم کرد لەم جوتە پیاوە
کەلێك بە تعظیم جوابیان داوە
أمجار ملائك هاتن بەیك جار
بوم بە امامیان وەکو اولێ جار
دەسا ڕۆیشتم بۆ سێیەم فلك
زورم چاو پێ کەوت لەفرقەی ملك
کومە لیکم دیت صد هزار ملك
هریك لە دەستی بەیداغی کەسك
جبرئیل ووتی چاکتر بزانە
أمانەش مأمورن بۆ ڕەمضانە
ماموری شەوی لیلة القدرن
ڕحمت هێنەری مجلسی ذکرن

لەگەڵ اوا نیش جوتێك پیاون
لەبحری نورا غرق كراون

جبرئیل فرموی برام بزن
یكیان داووده یك سلێم

كوڕێكی دیم دیت لەوێ دیاردا
ڕوخسار وێنەی مانگ شەوی لە چاردە

ئەویش یوسف بو لاوی كنعا
جمالێ یوسف هر خوا دەزا

كە چوم بولایان قیامیان دەكرد
بۆ منو اومتم دعایان دەكرد

دیسان ملائك هاتن تمامیا
نوێژم بۆ كردن بومە امامیا

سرپاك لەمس بو آسمانی سیمین
عجیب تعمیرو بنایی نخشین

جبرئیل دەیفرمو برای (امین)
ملك پێ دەڵێن المزین

أمجار ڕۆیشتم بۆ چوارەم سما
سرپاكی زیوبو زیوێكی بیضا

له‌وێشم دیتن چند هزار هزار
انواعی ملك بێ عدد وژمار
دیتم پیاوێك وه‌ك كێوی نوره
له‌وێ دانشتبو كه‌رێن بلوره
له‌سه‌ر روخساری برقی انواره
جبرئیل فرموی برای نازداره
أمه إدریسه خیاطی ذاكر
سلامی لیكه چالاكو ماهر
سلامی لێ كرد جوابی داوه
بوّمن واومتم ده‌ست به‌ دعاوه
له‌وێشا دیتم شتێ عجائب
یا سبحان الله كریم واهب
ملكێكم دیت عظیم الجسد
سه‌ری معلق به‌ عرش الصمد
پای چه‌قاندبون له‌ تحت الثرى
له‌قدرتی خوا هزار ماشاء الله
دانیشتوه له‌سر كورسێكی نورین
ملك له‌به‌ر ده‌ست وه‌ستاون به‌ چین

لەلای ڕاستەوە لوحێكی نورین
لەلای پشتیەوە دارێكی نخشین

دلّ لێ دەهاتو ترسانو لەرزین
أژنوّ دەهاتە هوانو تەزین

موی ڕیشی وەكو مار پێچو لولە
پاشا لە ترسی أبون ملولە

قط بە پێ خەنین لیّوی نەهاتە
تاریكی سەر ڕوی بیری ظلّماتە

لە نێوّ چاوانی غضب دیارە
ڕوكرژە عینی وەك زهری مارە

بوّمنی بیان كرد برام جبرائیل
ڕوح كێشە أمە یعنی عزرائیل

أمجار چومە لای سلامم لی كرد
هیچ جوابی نەدا جبرئیل ڕوی تی كرد

فرموی بوّچ نادەی جوابی سلام
نازانی أمەیە سید الانام

نازانی أمە سید الخلقە
یعنی محمد ﷺ منبعی صدقە

هەڵسا لەبەرم أبجار بە اکرام
سێ دفعە جوابی دایەوە سلام
لێم پرسی گوتم هادم اللذات
چلۆن أکیشی ڕوحی مخلوقات
جوابی دایەوە بە أمری خدا
پێنج هزار ملك لەبەر دستمدا
هروەختێ زانیم أجل هاتە سەر
یەکێك أنێرم چلیان بە دفتر
ڕوحی دەر دینن لەگۆشتو پێستی
هتاکو ئەژنوی لەوێ دەوەستێ
دیسان أکیشن تادێتە گردن
بەأمری خدا دەستی لێ بردن
دەسا من لێرە دەستی بۆ أبەم
وەك موێلك لەناو ماست دەری اکەم
ڕوحی ایماندار أچێتە جنات
ڕوحی کافران دەچێتە ظلمات
ئەم لوحە دارەی لەلام دانراوە
ناوی هەمو کەس تێدا نوسراوە

کاتێ أجل هات لەبۆ گیاندار
بە أمری خدا خالقو جبار

ناوی لەلوحا ڕەش دەبێتەوە
گەڵای لەداریش بەر أبێتەوە

أنجار دوعای خواست احمدی خلیل
قابضی جێ هێشت یعنی عزرائیل

بۆخۆی أفەرمێت ڕسولی اکبر
دیتم پیاوێك گەلەك منور

جبرائیل فرموی ای نبی جلیل
أمە بناسە ابراهیم خلیل

کاتێ چومە لای گوتی مرحبا
یا خوا بە خێربێت نبی مجتبی

هەتا قیامت رب العزت
خیر أبارێنێ بۆ تۆ اومتت

دەسا لێی پرسی نبی مختارە
ای خلیل چیتە لێرە ڕەفتارە

فرموی ای گەورەی اولادی آدم
ئەنووارمە نوری اعمالی عالم

بەلاّم لە اعمالی کلمەی شادە
بەنور تریی کاری عبـــادە
لەوێش نوێژم کرد بۆجمعی ملك
دەســا ڕۆیشتم بو پنجم فلك

آسمانی پنجم لە زێڕی سور بو
ناوی منیرە وەها مشهور بو
لە آسمانی پنج دیتم یك دەرگا
وەکو لوحی زێڕ شعاعی دەدا

بە قفلێ نورین کلیل درابو
کلمەی شادەی لەسەر نوسرابو
کاتێ خوێندیەوە احمدی مختار
دەرگا کراوە قفلێ کەوتە خوار

وەختێکی ڕوانی سید الوری
لە آسمانی پنج تا تحت الثری
هر تاریکایی و دو کەلێ دیارە
یعنی جهنم جێگای کفارە

بەکێك لە دەرگا چلۆن وەستاوە
نیۆ چاوان کرژو ڕومەت ژهراوە

جبرائیل فرموی احمدی مختار
أمه مشهوره به (خازن) ی نار
ئه‌وه مالکی آگرو نیرانه
له‌بۆ جهنم او ده‌رگه وانه
چووه لای مالك سیدی عدنان
سلامی لێ کرد به‌شیرین زبان
سلامی لێ کرد نبی معظم
جوابی نه‌داوه آغای جهنم
أمجار جبرائیل هاته گفتوگۆ
فرموی ای مالك چاك بزانه‌تۆ
أمه ڕهبری دنیاو هم دینه
أمه احمدو طه‌و یاسینه
مالك زو هه‌ڵسا عذری هێناوه
ده‌ستی له‌سر چاو وه‌ستا به‌پاوه
عذرم قبوڵکه ای فخری عالم
ای نوری پشتی حضرتی آدم
أمجاره فرموی ڕسوڵی اکرم
پێشانم بده آگرو جهنم

ووتی ناتوانم بێ امری خدا
دلت لێم نەشکێ یا رسول الله
أنجار لە طرف خوا بانگ کرا
لە قصەی محمد دەرنەچی اصلا

در لحظه لای دا پردەی جهنم
نعوذ بالله ناگوترێ بە دەم
هر تاریکایی و گرمەی نیران بو
گرمەی وەك هەوری مانگی نیسان بو

حفتا هزاران دریای غسلین
حفتا هزاران زوخاو لەگەڵ خوێن
حفتا هزاران قطران و آو بو
حفتا هزاران مسی تەواو بو

لە دەوری هر یك لەم بحرو دریا
شاریکی آگر دای نابو خدا
لە کلی شارێك لە آگر هزار
خانوی دانابو ذاتی کرد گار
لەهر خانوئیکی لە تابوت هزار
دورستی کردبو خالقی جبار

لەهر تابوتی حفتا هزار جۆر
عذابی تێدابو بو أهلی فجور

دوپشکم دیتن وەکو أێستران
مارم چاو پێ کەوت وەکو حوشتران

بەچاو من أدیت حفتا هزار بیر
دورست کراون هر لە زمهریر

(باسی دیتنی حضرة محمد (ص) چەند کۆمەلێ لە جهنمدا)

چەند ژنێکم دی بە گریانو زار
هاواریان أکرد ملولو غمبار

پرسیم لە جبرئیل أمانە چینە
عذابیان وها بە شدتو قینە

گوتی أمانەن لە فرقەی ژنان
خۆیان جوان أکەن بۆ غیری مێردیان

ژنانێم أدی لە ناو آگردا
بەرگی قطرانو زنجیر لەملدا

گوتیان أمانەن حائیان زەبونە
لەگەڵ مردیان ڕوگرژ بونە

هەندەك ژنم دیت هەڵوا سرابون
بە پرچیـــان دەمیان بەواویلابون
بەآگر أكولاَ مێشكو دماغیان
پرسیم لەجبریل حالو سوراغیان
جبرئیل فرموی كەئەم ژنانە
پرچمیان دیاربوە لەلای بێگانە
هەندەك ژنم دیت لالو كوركر
لەناو تابوتی آگری پێمفر
گریانیان أكرد شینو واویلا
بەغیری زاری زوبان ناسوڕا
ووتیان أمانە فرقەی ژنان بو
كەغسلی حیضیان لەلا گران بو
بێ مبالات بون لەڕوژو نوێژان
ئەبێ بچێژن عذابو آێشان
هندەك ژنم دیت بەهاوار ڕوڕو
لەدست عذابیان ناكرێ گفتوگو
جەرگو هەناوی خوێیان لەدەمدا
أیانخوارد لەگەڵ بلیەو تمدا

ووتيان امانه ژنی گەوادن
حالْ شله ژاون وانا مرادن

زۆر پیاوم أدی نعوذ بالله
لە دەست عذابیان پەنا بە الله

جسدیان وەکو شاخو جبالاْن
زیرەیان أهات وینەی مندالاْن

آگر ئەسوتا لە طەوقی سەریان
أهانه دەرێ لە پشتو بەریان

گوتیان أمانه کەوا بێنازن
لە قومی لوطو فرقەی نیرْ بازن

کومەلێکم دیت آگر لە بەردا
زنجیری آگر لە دەستو ملدا

مارو دوپشکی زۆر دەیان گەزن
ناتوانن بو هیچ لایێك ببەزن

ووتیان أمانەن کەوا لەدنیا
دولەمند بون و زکاتیان نەدا

شیربابیان أخوارد وابو لەلایان
بە پارەی کچان بکەن قەلاْیان

ایستاش عذابیان ئەبێ وەهابێ
مگر مرحمت لەلای خــــدا بێ
بعضێکم ئەدی هرخوا ئەیزانی
عذابی ئەوان ناکرێ پەیانی
ئاگر لەبەریان وەك بای بهاران
گرمە گرمی بو وەك هەوری باران
بە گورزی آگر وایان لێ دەدان
لە دەست نالەیان دەغیــلو آمان

وو تیان أمانەش اهلی غرورن
بە دعیەو بەفیز کەوا مشهورن
نعوذ باللە لەم ندامتــە
بمان پارێزی خوا لەو ذلتە
چە ندم دەدیتن لە أهلی عذاب
حفظ مان بکاتن خدای وهاب
بەلام زۆرترینی أهــلی جهنم
هەمو هرژن بون بە خدا قسم
مالْ خۆری هەتیو هم اهلی ربا
چــلۆنم دیتن نعوذ باللە

هەندێکم أدی لە پیاوو لەژن
ئەوەڕڕین وەك سەگ لەدەوری بزن

نالەیان أهات لەناو آگرا
بەدەنگی غیبی وەها بانگ کرا

ئەمە أوانەن کە لەسر دنیا
لەبۆ مردویان شینیان اگێڕا

نەمجا کە هاتمە دەرێ لەناو جهنم
زمرەی ملائك جمع بون یکدەم

نوێژم بویان کرد بو فرقەی ملك
أمجار ڕۆیشتم بۆشەشەم فلك

آسمانی شەشم یاقوتی سەوزە
ناوی خالصە بنایی بەرزە

دیتم پیاوێك بەدەن هەواوی
لەوێ وەستاوە پڕنوارە چاوی

ڕیشی سپی بو هەتاکو سەرسنگ
وەستابو عیناً هروەکو خدەنگ

دەسا جبرائیل فەرموی بزانە
أمە موسایە کوری عمرانە

وەختێ چومە لای سلامم لێ کرد
بەزەردەخنەو خۆشی بانگی کرد
فرموی محمد ای حبیب الله
بنی اسرائیل وەها ظن أبا

کەمن سرداری انبیا یانم
ئەمن سروەری علی أوانم
سروەر هەر ئەتۆی سپاه سالاری
لەدەشتی محشر تۆ تاقە سواری

حبیبی حق پرور دگاری
شفیعی فرقەی گوناح کرداری
ایتر لەوێشا ملك صفیان بەست
نوێژم بۆیان کرد دوعام لێ یان خواست

أمجار ڕۆیشتم بۆحەوتم سما
درست کراوە لەدری بیضا

سبحانە خدایە بنای غریبە
لەلای ملائك ناوی عجیبە

ومارەی ملك هرخوا دەزانێ
فرشتەی أوێ ناویان ڕوحانی

چیم نه بیست لەوێ هر سیرەی قلمْ
هر أیان نوسی أمری خوای اعظم

وەختی بەڕاسته آوەڕم داوه
دیتم کورسیێکی نورین دانراوه

شخصێك لە سریا وەك شمسی نهار
باسی جوانی قط ناکرێ بەزار

پشتی خۆی داوه به بیت المعمور
هرچوار طرفی نور علی نور

جبرائیل فرموی امه آدمه
صفی الله یه باوکی عالمه

سلاوم لێ کرد جوابی داوه
یاخوا به خێر بێیت ای یاسین ناوه

سروەری فرقەی پێغمبرانی
پشتو پناهی اهلی عصیانی

خێر هرلەتۆیه هم له اومتت
تا ڕۆژی حشر بەرزه همتت

(باسی بیت المعمور)

لە پاشان چومە ناو بیت المعمور
طاقو پنجرەی نور علی نور
چرای لە یاقوت هر زەردو سورە
تعریفی جوانیی لە عقلْ دورە

لەسەر ئەم کعبە یە مکە دانراوە
جبریلی امین وای خبر داوە
ملك لە دەورەی خریك طوافن
لە ژەنگی عصیان بێگەردو صافن

منیش طوافم وەکو اوان کرد
لە زمرەی ملك پرسیارم دەکرد
وتیان پێش آدم دوهزار سالە
طوافی أکەن دەوری ئەم مالە

حفتا هزار کس لە کلی ڕۆژان
طوافی أکەن اهلی عاسمان

لە کلی ڕۆژی حفتا هزارێك
ئەو نایێتەوە چە تاقە جارێك

## ﴿ باسی جیابونەوەی جبرائیل لە حضرەتی محمد ﷺ ﴾

لەوێ جبرئیل ڕوی کردە لامە
ایرە لەبوەن آخر مقـــامە

ناتوانم بڕۆم ایتر بەم لاوە
دەنا أسوتێم بەنوری خواوە

ایمە هموومان مقام دیارین
تعیین کراوی خوای جبارین

وەهای فرمویە نبی عدنانی
گوێم لێبو أهات دەنگی غیبانی

خۆشە ویستی من احمدی مختار
مەلەی پێبکەن لە بحری انوار

هاوردن چوارملك کورسێکی منور
دایاننا ووتیان فرمو بچۆســەر

هەلسامو چومە سر کورسی جوان
وەها أڕۆیشت وەك تیر لەکەوان

دەسا داخل بوم بە بحری بیضا
نوری سپی بو هزار ماشاءالله

عجائب دیتم یك ملائكت

لە سەر ئەم بحرە عظیم الخلقت

پێنج صەد ساڵ بەسواری چسپان

پێ طی نە ئكرا بەأسپی رهوان

بەس مسافەی ناوندی شانی

شتی‌وا گەورە هەر خوا ئیزانی

لەوێوە چومە ناو بحری خضرا

کەنوری سەوزە هزار ماشاء الله

لەوێشدا دیتم یك ملائكت

الله اكبر عظیم الخلقت

گر هەمو دنیا دانێ لەسەر شان

لەلای وەهایە دەنكێكە مرجان

أوسا كەچومە ناو بحری سودا

بحرێكی ڕەش‌بو نعوذ بالله

دڵ هاتە لەرزین آرامم نەما

ئە پاڕامەوە بە لطـــفی الله

لەبۆم بنێرە دلیلك خوا

لە بحری اسود نجاتم بدا

یەکێك بانگی کرد یا (محمدا)
ڕوبکە بەلای من ڕوحم بێ فدا
کاتێ ڕۆیشتم چوم بەلایەوە
سلامم لێ کرد جوابی دایەوە
وتم أتۆکێت أی یاری یاران
وتی میکائیل مأموری باران
وتم گروابێ پرسیارم هەیە
وەرامم دەوە گر علمت هەیە
گوتی پەرشە ئەمەی بزانم
جوابت پێ دەلێم بەسر چاوانم
گوتم بۆچ ناوی تۆمیکائیلە
بۆچی جبرائیل ناوی جبریلە
بۆچ بەاسرافیل ألێن اسرافیل
بۆچ بەعزرائیل ألێن عزرائیل
وتی اولا یارسول الله
کەناوی ناوم میکائیل خوا
من آو أبێوم بەکیلی قدرت
ئەیدەم بەهەوران بوهر مملکت

یك ملائکت لەسەر هەورانە
بلاویان أکات بۆ وولاتانە
کاتێ أمر بکات خدای منان
لەو جێگایە أباری باران

ووتم ئەم رعدو ئەم برقە چینە
لەبۆم بیانکە علم الیقینە
جوابی دا گوتی أی فخری انسان
ملائکەیێ هەیە مأموری رحمان

یك قمچی پێیە لەهەوری أدا
شریقەی لێوەدیت بروسکە أدا
بە جبریل بۆیە ألێن جبرئیل
جبری پێ داوە خدای جلیل

مأموری مسخو وولات تێکدانە
رهبری وحی و أمری منانە
أوتێکی داوە کەلێك وولاتە
أوتێکی داوە کەلێك قەلاتە

گوندی قومی لوط لەلات اثباتە
ایتر روخاندی خانوو قەلانە

بەلاّم عزرائیل قابضە بۆکیان
هر أو لێك دەکات دوستو برایان

ایتر ڕۆیشتم لەلای میکائیل
هەتاکو هاتمە لای اسرافیل

کە چاوم پێ کەوت سرم سوڕدەما
عقلم پەشۆکا لەکاری خوا

هزار هزاران هربالێ هەبو
یك ملیۆن تەواو هر سری هەبو

لەکلی سەریك یك ملیۆن دهان
لەکلی دەهان یك ملیۆن زوبان

بەهر زوبانێك انواعی لغات
ذکری خوای أکرد دائم الاوقات

پای چەقاندبو لە ارضی حەوتم
لەسەر شانی بو عرشی معظم

صور لەپێش چاوی نصب کراوە
چاوە ڕوان أکا أمری خواوە

کەپێ أمرکات دنیا خراوە
نفخی صور لێدە دنیا تەواوە

به قەدەر روحی مخلوق خدا
صوریش أونده کونی واتیدا
لوحی محفوظی لە پێش چاوانە
پاناپی هێندەی ارض و عاسمانە
بولای اسرافیل أنجار رۆیشتم
سلامم لێ کرد لەلای دانیشتم
گوتم آی برای عزیزو نازدار
پێم بلێ لیرە تۆ چیتە کردار
گوتی ای نبی احمدی مختار
لیرە أژنەوم کلامی جبار
اژنەوم کلام لە نەزیکو دور
هروەکو موسی لەسر کیوی طور
کاتیکی ویستی شتێك درست کا
به (کن فیکون) أمری پێ أکا
اوشتە دەیتەوی بەتەواو بون
کلمەی قدسی کن لەگەل یکون
ووتم اسرافیل ایرە کوێندەرە
گوتی ای نبی سەرت هەلبرە

سەرم بەرزکرد دیتم بەم چاوە
سەرم وابە ژێر عرشی خدایە
هێندە نەمابو شێتوحیران بم
بە وێنەی مجنون هر سرگردان بم
یك کلەشیرێ لەنور کراوە
دیتم سەری خوی لە عرشی داوە
لە پاشان دیتم یك ملائکت
لەوێ وەستابو بەسامو هیبت
پرسیم أمانە چین واکریمن
گوتی هەڵگری عرشی عظیمن
اںجار کومەلێ ملائك هاتن
وام زانی ڕوژبون لە برج هەڵاتن
هەمو هاتنە لام سلامیان لیم کرد
دەستیان کردەمل من وماچیان کرد
وتیان بە خیر بێت أی مانگی تابان
هر توێ سرکردەی عالی جنابان
هەستە بابرۆین رسولێ انام
پەردان لابدە بو أقدس مقام

دەسا ڕۆیشتم لەگەڵ ئاوانە
چەندم لادەدان پردەی نهانە
حفتا هزاران پردەی منور
نوری سپی بون لێیان چومە دەر
حفتا هزاران پردی زمرد
لە نوری سەوزی حضرتی صمد
حفتا هزاران پردەی استبرەق
حفتا هزاران سندسی بە شوق
حفتا هزاران پردەی ظلمانی
سامو دهشتی هرخوا دەزانی
حفتا هزاران حجابی عنبر
حفتا هزاران لەمسکی اذفر
حفتا هزاران هر جبروت بو
حفتا هزاران پردەی قدرت بو
بێنی هر پردەی خۆ پێنج صد ساڵە
سبحانە لەو خوای خاوەن جلالە
اوسا کەچومە حجاب الملك
سبحانە لەخوای دانەری فلك

لەویۆە چومە حجاب عزت
سبحانە لەخوای مبدئی حکمت
لەویۆە چومە حجاب الکمال
سبحانە لەخوای بی شبهەو مثال
أجارە چومە حجاب القهر
سبحانە لە خوای خاوەنی جبر
أوسا کە چومە حجاب البقاء
لەویۆە چومە حجاب العلا
لەویۆە چومە پردەی کبریا
أجا گەیشتمە حضوری خدا
ایتر صد هزار حجاب لادرا
مجلسی عشاق مزین کرا
بەلای ڕاستم کە آوڕم داوە
حفتا هزار صف ملك وەستاوە
دەست لەسەر دەستان زمرەی أدیبان
بێ دەنگو خامۆش وێنەی غریبان
پردەی جلالیان کەمەڵ أداوە
صد هزار قطار ملك وەستاوە

صد هزاری دی لە سجدە دایە
صد هزار لەڕکوع پشتی چەمایە
هەتا قیامت حالیان وەهایە
جلال و کمالی هەر بۆخـــدایە
سەرم سوڕمابو عقلم پرێشان
دەسا بانگ کرا لەلاین منان
نەزیک بەرەوە لەمن حبیبم
بۆ دردەداران هر خۆم طبیبم
معشوقی عاشق منم أی نبی
رحمت و سلامی من لە سەرت بێ
دوبارە فرموی خدای ذوالجلال
لیم نیزک ببە أی بحر الکمال
کە قاب قوسین نیزک بوم لەخوا
لە بحری قدسا دلی شەپۆلی دا
شتیکی وام دی عقلی عاقلان
لێی حیران أبو علی عالمان
أوە کەمن دیم لەلاین خواوە
بیان کردنی اذن نەدراوە

خدای عظیم و خاوەن جلالت
لەناو شانیدام بە دەستی قدرت

سویندم بە الله لەگەڵ لیدانی
علی اول و آخرم زانی

وا تێگەیشتم لە ارض و سما
هیچ کەس نەماوە هر من و خدا

شاری خامۆشان هاتە بەر چاوم
لە بحری عشقا غرق کراوم

دوبارە فرموی خوای أکبر
گەلێك بەخێر بێت أی خیر البشر

نەمزانی چی بڵێم لە خذمت خدا
چلۆن سـلام کەم لە ذاتی الله

الهامم کرا بە التـحیات
لە گەڵ الصلوات هم الطیبات

سلامم لێ کرد بەم کلمانە
جوابم پێ داوە خدای منانە

فەرموی السلام علیك طە
لەسەری تۆبێ رحمتی الله

مجموعی ملك أهلی سمـــاوات
ووتیان کلمەی شهادت بە اثبات

(باسی گفتگوّی خدای تعالی جل جلاله لەگەڵ محمد ﷺ)

أجاره فرموی خدای أکبر
محمد واتوم کرد بە پیٚغمبەر
پیٚغمبەریٚــکی عظیم الشانی
سەردارو گەورەی پیٚغمبەرانی

احمـــد رحمة للعالمینی
احمد شـــفیعاً للمذنبینی

احمد توّ نەبای گر بوّتو نەبا
خلقم نەأکرد من ارض و سما
احمد امیری تختی نبوت
خاتم الانبیا اتوّی بە عزت

احمد أومتت چاتریٚنی اومـــت
أمر بەچاکە أکەن بە شوکـت
احمد هرکسیٚ کە توّی خوّش نەویٚ
دوژمنی منە منش نامـەویٚ

احمد هرکسێ تصدیقت بکا
پیشکەشی أکەم جنات البقا

احمدی مختار جاهانە گفتار
شکری خدای کرد بێ حدو شمار
فرموی الهی تکات لێ أکەم
اومتم نەبەی لەبۆ جهنم
تکات لێ أکەم ای خدای کریم
وەك اومتانی رابردوی قـدیم
اومتم نەبێ میمونو بەراز
لەناو اومتان ببن سرفراز
تکات لیێدەکەم ای خوای بەعزت
بنو وارە اومتم بەنظری رحمت
تکات لیێدەکەم ای خوای غفور
اومتم ببەخشە لەگناهو فجور
دوبارە فرموی خدای منان
بەچاو دەمبینی أی فخری انسان
احمد جافرموی ای خوای لامکان
بێ عیبو بێ رەنگ بێمثلو نقصان

بەچاو نات‌بینم بەدڵ دیاری
بۆهمو عالم پروردگاری
فرموی ڕاست ألیێ اتۆ ای احمد
مالك‌الملوك منم هم صمد
کەسێ بێ کسان قاضی الحاجات
منم خالقی ارض و سماوات
گەرکسێ شتێك لەمن طلب‌کا
یقین دەیدەمی بێ حق و بها
هرکسێ بەڕاستی پشتم پێ بدا
دەست گیری أکەم ای محمدا
احمد بزانە تۆ لەکوێندەری
عبدی لەبۆمن هم پێغمبەری
محمد فرموی نازانم أمن
أوەی بزانم تۆی خالقی من
أی خدای گەورە بەدستی قدرت
خلقت کرد آدم ڕۆیشتە جنت
امرت کرد لەسر مجموعی ملك
سجدەیان بۆبرد نورانی فلك

ابراهیمت کرد بەخلیلی خوّت
موسات هەلبژارد توّبوّ گفتگوّت

إدریست دانا لەباغی جنان
سطوتت دایە نبی سلیمان

عیسات خلق کرد توّبوّ گفتارت
چی دەدەی بەمن فضلو أنوارت

چیم پیشکەش أکەی لەإنعامی خوّت
چیت بوّداناوم لەإکرامی خوّت

خداوند فرموی رسولیّ أمین
هرچەند خلقم کرد من آدم لەطین

أتوّم دروست کرد لەنوری ذاتم
لەتوّ أوانیش بیّ مبالاتم

أگرچی ابراهیم خلیلی من بیّ
محمد خوّتوّ بوّمن حبیبی

معلومە حبیب خوّ گەورە ترە
أمەی پیتّ دەلیّم چاکی ورگرە

اگرچی موسیٰ کلیمی طورە
بلاٌم جیّگای توّ خوّ کیوّی نورە

اگرچی إدریس جێگای جنانه
بلاّم جیگای توٚ اقدس مکانه

به داودم دا زبورو عرفان
بوٚتوٚ انیرٚم آیاتی قرآن

گرچی سلیمان خاوەن سلطنت
ارضم کردوه بوٚتوٚ به مزگەوت

کوثرم داوه لەگەڵ شفاعت
مانگی ڕمضان لەگەڵ غنیمت

أمجا محمد فرموی ای خدا
به اومتی من چی أکەی عطا

جوابی دایەوه خدای وهاب
حفتا هزار کەس له أهلی عذاب

له اومتی توٚ له ڕوٚژی محشر
أیان بخشم پێت ڕسولی أکبر

پیٚغمبر فرموی میوانم شەوی
خوایه له لطفی توٚ زیادەم أوی

جوابی دایەوه خالقی اکبر
مژدەبێ لەتوٚ ڕسولی أنور

له اومتی تو هر کس به یکسال
گر توبه بکات له گناهو ضلال

له پێش مردنی لێی قبول أکەم
أی بخشم درحال رحمی پێ أکەم

همیسان فرموی سیدی أنام
زیادەم أوێ ای خدای علام

جوابی دایەوە خدای تعالی
بەگەورەیی خۆم قسم بەالله

هر کەسێ بە یك مانگ لە پێش مردنیا
لە اومتی تو گەر توبە بکا

لێی قبول أکەم بەعزتی خۆم
بێ بەشی ناکەم لە رحمتی خۆم

همیسان فرموی احمدی مختار
زیادەم أوێ لە لطفی جبار

جوابی دایەوە خدای ستار
فرموی السلام رسولی نازدار

گر کسێ بێ لە اومتی تو
پشیمان بێ لە گناهی خۆ

له پیش غرغرەی توٚبەی ڕەوایە
الحمدلله لطــــفی خدایە

آزادیان أکەم لە اومتی توٚ
صدهزار مجرم هەرشەوی هینوٚ

لە مانگی ڕوٚژو یعنی ڕمضان
لە اومتی توٚ لە اهلی عصیـان

کلی شەویٚکی هزار گنــــاه کار
أزادیان أکەم آخر شصت هزار

گناهی اومتت یك بە یك هەیە
بە لاٚم چا کەیان هر یك بە دەیە

شکری خدای کرد أحمدی مختاو
ارادەی واکرد امجا بیٚتە خوار

پیٚنج مانگ ڕوٚژو لە نویٚژ پنجا
بوٚ اومتی ئەو مقدر کرا

کە هاتەوە خوار گەیشتە موسی
گوتی بە خیرٚ بیٚت یا خوا مصطفی

مبارکت بیٚ أی گەورەی عالم
أی طاقە گلیٚ گلزاری آدم

أمەت عرض أکەم لیێ وەر گرەوە
کەلێك ملتم بەسر کردەوە

انسان تابعی نفس و شیطانە
مدارای ملت گەلێ گرانە

خصوص اومتت آخر اومتە
أم هەمو فرضە لایان زحمتە

وا مصلحتە لەخدای منـــان
بپارێتەوە بۆت بکا نقصان

خلاصەی کلام بە بیانو چند جار
لەخدا پاڕایەوە احمدی مختار

هتاکو کردیە یك مانگ ڕمضان
نوێژی کرد بە پێنج خالقی منان

انجا گەڕاوە ڕسولێ خلیل
لەڕێگا گەیشت أو بە جبرئیل

لەهاتنەوەدا سیدی عدنان
مەیلی لەسەربو بچێتە جنان

فرموی جبرائیل امینی حضرت
آرەزوم وابە بچمە جنت

{ باسی ڕۆیشتنی حضرت محمد (ص) بۆ جنت }

وەختێ محمد (ص) ڕۆیشت بۆ جنت
دیتی ملکێ عظـیم الخلقت

منبعی نورەو مظهری شوکت
لەسەر یك کورسی لەدرگای جنت

سلامی لێ کرد سیدی عدنان
لەبەری هەلسا جنابی ڕضوان

ووتی بەخیرٚ بێت نبی محترم
شفاعت خوازی اهلی جهنم

چونە ژورەوە بۆباغی جنان
دیتی ووردە بەرد لؤلؤو مرجان

خۆڵی لەمسكو لە زعفران بو
داری لەزیڕو لە زیوی جوان بو

حەوت جۆگەی تیدابو پڕی لە آو بو
یکێکیان شیرو یکێ شراو بو

یکێ لە هنگوین یك لە سلسبیل
سبحانە خدای عظیمو جلیل

ایتر أوەی دڵ کە خۆشی بووێ
چاویش پێ خۆش بێ حاضرە لەوێ

رێگای جنت تقوای خـــدایە
قرآنی مجید وای خبر دایە

بێ بەشمان نەکەی لە باغی جنت
أی خدای گەورە خاوەنی رحمت

وەختێك هاتمەوە گەڕامەوە دوا
هتاکو هاتمە آسمانی دنیا

أبجا هاتمەوە مکەی مـــکرم
دوعا خوازی کرد جبریلی اعظم

گوتی تۆ لەلای قبیلەو خزمان
أمانەی کەدیت بیانکە بەیان

ووتم جبرئیل ای رۆح الأمین
باوەڕ ناکەن پێم فرقەی مشرکین

جبرئیل فرموی ای نبی مختار
تصدیقت ئەکات پیاوێکی نازدار

کە أبو بکرە منبعی ایمان
ناوی صدیقە لە أرض و آسمان

جبرئیل ڕۆیشت من چومەوە ماڵ
کە سرنجم دا لەماڵو منـــداڵ
کە دیتم چاویان لە شیرین خەوە
زانیم معراجم هر لە أوشەوە
بلێ بە لحظەیێك سید السادات
گەڕڕا مجموعی همو سماوات
بینی أم آسمان هتا أو آسمان
پنجصد ساڵ ڕێیە بێ شكو گمان
سبەینی لەخەو هەڵسا دستوبرد
باسی معراجی بۆ خلق بیان کرد
مشرکین هەمو هاتنە پێکەنین
ووتیان شیت بووە بەدەست شیاطین
ابجا ابو جهل ملعونی غدار
ووتی بەقومی لعینی کفار
خۆ من أول جار پیم گوتن شیتە
واقصە کەی من گوتم هادیتە
وەختێ کە فرموی ڕسولی أقدس
لە ریوە چومە بیت المقدس

أبجاره ووتیان فرقەی مشرکین
بوّمان تعریف کە توّ بیتی ڕنکین

خدا أمری کرد بە ڕوح الأمین
فرموی زو هەلسە بچو سرزمین

بیت المقدس هەلگره ظاهر
ڕای بکره لەلای سیدی طاهر

جبرائیل ڕای گرت بە هردو دەستان
لەلای محمد (ص) ســیدی عدنان

دارو دیواری هەمو بیان کرد
طاقو پنجرەی هەمو نشان کرد

دوباره فرموی نجبری إنس وجان
لەڕیگادا دیم قافلەی کاروان

قافلەی قطارتان لە فلان جیّ یە
مالوّ کوتالیان لەو نوعە پیّ یە

چەند کەسیّ لە بنی مخزوم لەگەلدا
حوشترێکی سوریش لە پیش قطاردا

وەختیّ ڕوّژ هەلات لە فلانە ڕوّژدا
قطاری ایوە دیتە ئەم عەردە

مشرکین هەمو سەریان نەوی کرد
بۆبکری صدیق تصدیقی وی کرد
ابو بکر فرموی أی نبی مختار
لەمەش عجیب ترگر بکەی اظهار
تصدیقت أکەم سوێندم بە جبار
گر بشمکوژن ملتی کفار

ابو جهلی ملعون پیسی بێ ایمان
پیاوێکی دانا لە سەر ڕێ کاروان
ووتی بزانین احمدی مختار
ڕاست أکا وەها دێتەوە قطار

چونکە زۆر دوربو ڕێگا کەی قطار
لەو وەختە فرموی نەگەیشتە شار
ڕۆژی حبس کرد خدای کردگار
قاصد بانگی کرد أوا هات قطار

أبو بکر فرموی أی شمس النهار
قطارو خورشید پێکەوەبون دیار
اصحابی ڕسولْ بە خۆشی شادان
زۆر سپاسیان کرد بۆذاتی یزدان

تاریخی اسلام وا آکا اظهار
لەم معجزەدا مشرك چوار هزار

ایمانیان هێنا بەفخری أنام
بەیکجار هەمو زو بون بەاسلام

---

الحمد لله گەیم بەمراد
کە تەواوم کرد بەدڵیکی شاد

باسی معراجی سید الانام
لەسەر ڕوحی بێ بارانی سلام

بۆ آل و اصحاب سلام أنێرم
مجموعی إسلام بەخوا أسپێرم

خوایە بم بخشە هەم دایکو بابم
هەمو ایمان‌دار خصوص احبابم

تاریخ هزارو سیصدو حفتا
تەمەن بیستو یك منداڵم ایستا

منیش سلامم کوڕی محمد
اصلا حیدری أمجد فالأمجد

هر کس کە دیتی بو فاتحیێك
تکاتان لێدەکەم هێندەی دنیایێك

شەو ڕوی حضرتی محمد ﷺ جەژنێکی
پیرۆزی اسلامە چونکە دانانی آیین و ڕفتاری
اسلامیت لەم سفرە گەورەی حضرت محمددا
بینات نرا پیۆیستیە همو مسلمانێک بزانێ کەشەو
ڕەوی حضرت محمد جەژنێکی تێکرای اسلامە.
جا لەبەر أمە منیش چەند هەلبەستێکی آیا ڕێک
وآیا ناڕێک مفادی أم شەو ڕەویشتە عظیمە تان
پیشکەش أکەم. تکا لە همو کورد زبانێک أکەم
بە چاوی عظمت تماشای بفرمون ولە حفلاتی
عمومی اسلامیتدا بی خوێننەوە بۆ کورد زبان
دیاری. وَصَلَّى اللهُ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ
وَصَحْبِهِ وَسَلَّمْ
دانەر
اللهم اغفر لنا وبها الهدية الفاتحة
سلام حیدری

(لە سوزی دلمەوە لە مدحی حضرت محمد (ص) ئەم)
(شعرانەتان پیشکەش بێ)

شمسی برجی اصطفا　　بلبلی باغی والضحی
ای گلی گلزاری هدی　　جنابی احمد مصطفی

گوهری تاجی انبیا
أنوری مخلوقی خـدا       ڕەبری فرقەی اصفیا
إمامی جمعی قدسیان       جنـابی احمد مصطفی
أمیری عرش و کرسیان       پشتو پناهی عاصیان
طاوسی باغی جنته       جنابی احمـــد مصطفی
تاجی سری رسالته       قمری حدیقەی عزته
شفیعی ڕۆژی محشره       جنابی احمد مصطفی •
شاری علومی حیدره       خاوەن مقام و کوثره
منبعی علم وحکمته       جنابی احمد مصطفی
رئیسی جمعی ملته       مظهری ڕۆژی شوکته
جنابی احمد مصطفی

## ﴿ باغچەی کوڵان ﴾

خۆزگەم بەسەگی درگەهی بطحای محمد
ڕوحم بەفدای خاکی بەری پای محمد
أی فخری سعادت وأی نوری خدای
قدسی همو حیرانن و شیدای محمد
أی پادشەهی عرشی نبوت شهی عالم
وەك ڕۆژە لەناو برجی صفاهای محمد

در هەڵگری دریایی مقاماتی معانی
مستی مەی هەڵمژی صهبای محمد
أی ڕحمتی کونینو أی منبعی انوار
أی فخری صداقت چیە سیمای محمد
اشراوە لەبۆ نوری جماڵت مەو خورشید
غوغای ملك أم شەوی أسرای محمد
ای شمعی شبستانو ای قدوهٔ عالم
أی ڕهبری کل شعلەی دڵۆای محمد
کۆگای ملك مهبطی اسراری خدای
جناتی بقا ڕوضەی والآی محمد
وەك ڕۆژی منور لە ڕۆژی تاری بهارا
هەڵهاتو درەوشا یدی بیضای محمد
ای غنچە گلی باغی ازل دست چنی عرفان
جانم بە فدای ام قەدی ڕعنای محمد
فکری سەگی اصحابی کهف ایکمو اما
صد شکری خوا من سەگی درگای محمد
ڕوحم بەفدات ای گلی گلزاری مدینە
اواتی سلام نرگسی شهلای محمد

بە عنایتی خوا تەواو بو

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ٢٥٢ لسنة ١٩٨٢

گلز

شه ى

بو